بۆکان لە مێژوودا (٣٣٦) ئەنوەر سوڵتانی

# ئەو ڕۆژانەی پڕ ڕەنگ تر بوون

## بیرەوەرییەکانی کاک تایر عەلیار

ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ی هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی) ناوچەی بۆکان کەم و زۆر باسیان لێوەکراوە و گەرچی بە شێوەیەکی سیستماتیک مێژوویان بۆ نەنووسراوە بەڵام دیسان خەڵکانێکی زۆر لە حزب و ڕێکخراوەی جیاواز هەرکام بە بۆنەیەک و بە شێوەیەک لێیان دواون.

بەڵام ئەو مانگانەی پێش ڕێبەندانی ٥٧ و چۆنیەتی سەرهەڵدان یا دامەزرانەوەی حزبە کۆنەکان وەک حزبی دیموکرات یا ڕێکخراوەی نوێی وەک کۆمەڵە و جەمعییەتی زەحمەتکێشان و خەبات و مەکتەبی قورئان، یا حزبە سەرانسەرییەکان وەک حزبی توودە و فیدائیان و هاتنەوەی ئەندامەکانیان واتە بەگشتی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ ی گەلانی ئێران، ڕێک خستن و ڕێک خستنەوەی ڕێکخراوەکان، چۆنیەتی گەڕانەوەی ڕێبەرانی سیاسی و سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی چەکدارانە و گەلێک بابەتی دیکەی پەیوەندیدار بەو سەرەتایانە هێشتا لە پرووپێستدا ماونەتەوە و بە ڕێک و پێکی باسیان لێوە نەکراوە.

کاک تایر عەلیار لە وتارێکی سێ بەشیی کە لە ساڵی ٢٠١١ لە ماڵپەڕی ڕۆژهەلات – بۆکاندا بڵاوی کردەوە، بەشێکی گرنگ لەو ڕووداوانەی بۆ گێڕاینەوە کە لە بۆکان و لە ناو ڕێکخراوەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئەو سەردەمەدا ڕابردوون و ئەو هەنگاوانەی باس کرد کە بۆ ژیانەوە و چالاک کردنەوەی ڕێکخراوەکە لە ناوچەکەدا هەڵێنرانەوە.

بابەتەکە گەلێک سەرنج ڕاکێشە و زانیارییەکی زۆرمان لەسەر ڕەوتی کارە سیاسی– ڕێکخراوەییەکان و کەسایەتییە هەڵسووڕاوەکانی ئەو قۆناغەی حزب لە بۆکان و ناوچەکە دەداتێ. نووسەرانی دواڕۆژی مێژووی سیاسیی بۆکان وناوچەکە بێگومان دەتوانن لەو زانیارییە بێ واسیتەیەی وا نووسەر ئاراستەی دەکات کەڵکی زۆر وەربگرن بەتایبەت کە خۆی بەشداری ڕاستەوخۆی کارەکان بووە و لەوەش گرنگتر بە پێوانەی ناوەرۆکی وتارەکە و ئەو بابەتانەی وا پێشتر لێمان خوێندۆتەوە، کاک تایر لە باری سیاسی و نەتەوەییەوە مرۆڤێکی بەرپرس و لە باری قەڵەم پاکییەوە جێگەی متمانەی زۆرە.

ئەوە دەقی سەرجەمی وتارەکەی ڕێزدار تایر عەلیار، کە لە بەشی "ئەدیبان، نووسەران و وەرگێرانی بۆکان" ی هەر ئەم ماڵپەڕە و لە ژێر ناوی خۆیدا تۆمار کراوە:

## ئه و رۆژانه ی پڕڕەنگ تر بوون بەشی1

ئاماده کردنی (تایرعه لیار)

راپه ڕینی خه لکی نارازیی ئێران له د ژی حکوومه تی محه مه د ره زاشای په هله وی فه زایەکی له باری بۆ تێکۆشانی سیاسی و رێکخستنی حزبیی له سه راسه ری ئێران و ناوچه کورد نشینه کانی کوردستانی ئێران ره خساند . شاری بۆکان یه ک له وشاره کوردنشینانه بوو که بوو به کانگای چالاکیی و رێکخستنی سیاسی و هه ر له پێش رووخانی رژیمی پەهله وی ودوایه ش دوای هاتنه سەر کاری کۆماری ئیسلامی ده ورێکی گرینگی له هه لسوورانی شۆڕشی رزگاریخوازانه ی کوردستان دا گێرا . له و ده ر فه ته دا رێکخراوی حزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران له و شاره و ناوچەکانی دەورووبه ری دامه زرا .

بۆکان ئاخرین شاری کوردنشین بوو که کۆماری ئیسلامی له هه ڵایساندنی شه ڕی سێ مانگه دا دەستی به سه ر دا گرت وهه وه ڵین شاری کوردنشین بوو که له کۆتایی ئه و ده وره یه ی شه ڕی کوردستان دا به ده ست پێشمه رگه ی کورد رزگار کرا. له و ماوه دا شا رەکه و ده وروبه ری زۆر رووداووهه لس و که وتی جۆراوجۆری به خۆوه دی . به شێک له تێکۆشه رانی خه لکی بۆکان و دێهاتی ده وروبه ری که له رێکخراوی حزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا کۆ ببوونه وه له هێندێک له و رووداوانه دا ده وریان هه بوو.

هه ر چه ند گوزه ری زەمان ته می فه رامۆشی به سه ر زۆرشت کێشاوه و کاڵی کردوته وه دیسانیش ره نگه وه بیر هێنانه وەیان یاریده ده ر بێ بۆ خستنه رووی هێندێک زانیاری نا دیاروهۆی هێند ێک دیاردەی ئاشکراو دەتوانێ شیرازەی پساوی بیره وه ریەکان تا ڕادەیه ک لێک گرێداتەوه وئەگەر کوڵی دڵی ئه ویندارانی ئازادی وسه ربەستی دانەمرکێنێ لانی که م وەکوو پردێک ئێستا و ڕابردوو لێک گرێ بداته وه.

له دەستپێکی ڕا په ڕینی خه ڵک دا بۆکان پڕبوو له تێکۆشه ری سیاسی و خا وه ن تەجرەبه و ناسراو، به ڕوانگه ی سیاسی جیاواز و هه مه ره نگ که له کۆبوونه وەکانی یه ک به دوای یه کی مزگه وتی جامێع دا بۆ خه ڵکه که ئاشکرا دەبوو . تێکۆشه رانی سیاسی و لایەنگرانی ئازادی و ئاڵ و گۆر، له و کۆبوونه وانه دا بۆچوون و لێکدانه وه کانی خۆیان باس ده کرد ودوایه باسه کان ده کێشرانه سه ر شەقام و لایه نگرانی هه ڵوێسته کان وەبا ڵیان بۆ دەکێشا. خه به ری رووداوه کانی شاره کانی دیکه ی ئێران له رێگای جوراوجۆره وه بڵاو دەبۆوه و ورەی خه ڵکی رۆژ به رۆژ دەبرده سه رێ . ده ریای به هێزی شوڕش هیچ بوا رێکی بۆ ترس و خۆف و مه سلەحه ت پارێزی نه هێشتبۆوه وهه موو رووداو و باس و هه ڵوێسته کان هێنده به په له ده هاتن و ده ڕۆیشتن زۆر که س مه جالی لێکدانه وەی دەست نەدەکەوت ، بەوحاڵەش ده گه ل مه وجه که ده هات و هه وڵی ده دا کوورەی شورش گەرمترکا. به ڕاستی تۆفانێکی فکری و هه ڵچوونێکی کۆمه ڵایەتی وا هاتبوه ئاڕاوه که جێی به هەموو دیارده یەکی سوننه تی و ناسراوی رابردوو لێژ کردبوو و به دوای دنیایەکی تازه و رێ و ره سمێکی دیکه وه بووکه ته نیا له سه رکه وتنی شۆڕش دا ده سته به ر دەبوو. که ش و هه وایه کی پڕ له هه ستی جوانی ئازادی خوازی و کۆمه ڵگایه کی پر له بگره و به ردەی فکریی که به

هیچ شتێک بەربەست نە دە کرا. ها وکات دە گە ڵ کۆبوونە وە کانی مزگە وت هێندێک مە کۆ و مە جلیسی تایبەتیش پێک هات کە ئە وکە سانە ی بە جۆرێک پێوە ند یا ناسیا وی نزیکتریان پێکە وە تێیدا بەشدار دە بوون .ئە من لە گە ڵ براکانی خۆم (بە همە ن )کە خوێندکاری سازە و ساختمان بوو لە زانستگا ی سە نعە تیی ئیسفە هان و (کە ما ل )کە خوێندکاری فیزیک بوو لە زانستگای بلووچستا ن هە روە ها کا ک میرۆی عە لیارکە پێکە وە ئامۆزا بووین لە یە کێک لە و کۆڕانە دا بە شداریمان دە کرد . جەلەساتی ئە و کۆڕە حە و توانە بوو و هەموو جا رێ پە نجا تا شێست کە س بە شداریان تێدا دە کرد کە هە موویان خوێندە واربوون و لە یە کێک لە زانکۆ کانی ئێراندا دە رسیان دە خوێند .شوێنی کۆبوو نە وە کانی ئێمە ماڵی یە ک لە ئاغایانی قزڵجی بوو کە جیرانی ماڵی حاجی حە مە رە شیدی محە مە دیان بوو . لە خوار دە رکی ماڵی حاجی حە مە ڕە شید محە مە دیان لە جۆگە یە ک دە پە ڕینە وە و دە چووینە ئە و ماڵە و لە وێ تا د رەنگانی شە ولە سە ر با رود ۆخی رۆژ وتووێژمان هە بوو. نازانم چ کە سێک لە رێکخستنی ئە و کۆڕە دا پێشقە دە م ببوو بە ڵام سە ید جەعفە ری کە ریمی یە ک لە هەڵسووڕاوانی ئە و کۆڕە بوو. ئە وانی لە وکۆڕە دا بە شداریان دەکرد دوایە زۆربە ی زۆریان چوونە نێو رێکخراوە سیا سیە کانە وە و لە جووڵانە وەی کوردستاندا تێکۆشان. میرۆ و ئە من چووینە نێو حزبی دێموکراتە وە ، براکانی من چوونە نێو سازمانی چریکە فداییە کانی خە ڵکی ئێرانە وە و دوای لێک دابرانە کانی ئە و سازمانە چوونە نێو کۆمە ڵە وە. ژومارە یە کی کە میش لە بەشدارانی ئەو کۆڕە دوایە لە تیکۆشان کە وتن و دە ستیان بە کلا وی خۆیان دا گرت ، بەڵام یە ک دانە شیان خۆی بە کۆما ری ئیسلامی نە فرۆ شت و پشتی لە ئازادی و سەر بە ستی نە کرد. شو مارەیە ک لە و کەسانە ی لە کۆبوونە وەکانی ئە و کۆرە دا بەشدار دەبوون و دوایە بوون بە ئە ندامی رێکخراوە سیاسیە کان لە بە رە کانی شە ڕی کوردستان دا کوژران بۆ وێنە کە ماڵی برای من لە ریزی پێشمەرگە کانی کۆ مە ڵە دا لە ناوچە ی فە یزوللا بە گیی بۆکان لە شە ڕ لە گە ڵ پاسدارانداکوژرا.

دوای لە ق بوونی رژیمی شا جە لە سات و کۆ بوونە ی بە رین لە مە د رە سە ی کە ماڵیش دە گیرا و لا یە نگرانی شۆڕش لە وجە لە ساتە دا بە گوێرەی ئیمکان بە شداریان دە کرد و لە سەر ئە و شتانەی بابە تی رۆژ بوون قسە یان دەکرد. بە د وای فە وتی کاک عە زیز یوسفی لە تاران و هێنانە وەی تەرمە کە ی بۆ مهاباد و ئە و کۆبوونە وانە ی لە کاتی خاکسپا ری و سێ رۆژانە ی ئە و تێکۆشە رە ناسراوە لە سە ر مە زارە کە ی کرا ئیدی خۆپێشاندانی سە ر شە قامەکان لە شا رە کورد نشینەکانیش وەک باقی ئێران بوو بە بە شێکی جیا نە کراوە لە شۆڕش و ڕاپە ڕین . لە خاکسپاری کاک عەزیز یوسفی دا ئایە توللا (مکارم شیرازی ) کە لە مهاباد تە بعید بوو بە شداریکرد. ئە و نە ریتە بۆکانیشی گرتە وە و وردە وردە خۆ پێشاندانە کان لە شاری بۆکان دە ستی پێکرد. ڕاست لە و هە لە ناسکە دا کە بڵێسە ی ئاوری شۆڕش هە موو وڵاتی داگرتبوو و بە شێکی زۆری نوێنە رانی مە جلیسی شووڕای میللی داکۆکیان لە داخوازیە کانی خە ڵک دە کرد محە مە د نووری (1)نوێنە ری بۆکان لە مەجلیس بە پشتیوانی لە رژیم هە ڵی کوتا سە ر نوێنە رێکی پان ئێرانیستە کان کە لە د ژی حکوو مەت قسە ی کردبوو و وێنە ی ئە و لێدان و هە ڵکوتانە لە لاپە رەی هە وە ڵی هە موو رۆژنامە کانی ئە و دە م لە سە راسە ری ئێرا ندا بڵاو بۆوە . ئە وە بوە هۆی ئە وە ی لە کاتی هاتووچۆی بە ینی ماڵێ و مەجلیس لە تاران خە ڵک هە ڕە شە ی لێ بکە ن و بی ترسێنن و ئە ویش دە ستە گوڵێکی دیکە ی بە ئا و دادا و لە کۆبوونە وەی عە لە نی مە جلیس داوای چە کی کرد کە بە رامبە ر بە و خە لکە ی ڕاپە ڕیبوو و حکوو مە تی مە وریدی عە لاقە ی ئە ویان نە دە ویست بۆ داکۆکی لە خۆی بە

کاری بێنێ . ئەو هەڵوێسته ش له لاپه ره ی هه وه لی رۆژنا مه کان دا چاپ کرا و له هه موو ئێران دا بڵاو بۆوه. بۆیه ئیدی نه یتوانی له تاران بمێنێته وه و له کۆبوونه وەکانی مەجلیس دا به شدار بێ ،ماڵی هاتبووه بۆکان و به ها وکاری له گه ل ئیداراتی ده وله تی و له بنه وه به ڕاسپارد ن و توقاندنی خه ڵک خه ریکی داکووژاندنی ئاوری شۆڕش بوو و عاقبه ت له خۆ پێشاندانێکی خه ڵکی بۆکان دا هێزی چه ک داری ده وڵه تی ته قه یان کرد و دوو لاوی بۆ کانی به نێوه کانی که مال حه میدی و محه مه د به هرامی کوژران و ئه وه ئا وری رقی خه ڵکی توند تر کرد و تیکۆشانی شورشگێرانه ی له بۆکان رادیکا لتر کرده وه. له و کاته دا حوجه تولئیسلام (مه هد ه وی که نی ) وه ک ته بعید له بۆکان ده ژیا.

له وەها هه ل وو مەرجێکدا حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هه رچه ند به هۆی تێکۆشانی ڕابردوویه وه بۆ خه ڵکی بۆکان ناسراوبوو بەڵام له و شاره دا رێکخراوی حزبیی نه بوو،هه رچه ند که هێند ێک ئه ندامی له مێژینه ی وەکومیرزا حوسێنی فاتحی (2)و حاجی مه لا قادری خورسه ندی (3)هه بوو ده گه ڵ شوما رەیه ک بنه ماله ی ئه ندامان و پێشمه رگه ی قه دیم و کۆمه ڵێک لایەنگروو زه مینه یه کی له بار بۆ گه شه کردن به هۆی هه ڵوێستی سیاسی یه وه که داکۆکی کرد ن له مافی نه ته وایه تی گه لی کورد بوو و ئه و کات له چوارچێوەی خودموختاری دا فورمووله ی کردبوو. بۆیه دامه زراند ن و ئاکتیو کردنی رێکخراوی حزب وه کووپێویستیه کی به په له ده ستی پێکرد.

کاک سه لیم بابانزاده که له لایەن کومیته ی ناوەندی حزبی دێموکراته وه ئه و ئه رکه ی پێ ئەسپێردرابوو چۆنیه تی دەستپێکی کاره که ئاوا باس دەکا:

زۆربه ی ئه ندامانی ڕێبه رایه تیی حزبی دێموکرات مه جبوور به به جێهێشتنی وڵات کرابوون و چەند که سیش له زیندان دابوون . ده گه ڵ پێک هاتنی هه ل و مه رجی تازه و که ش و هه وای شۆڕش له کوردستان ، بریار د را ئه ندامانی رێبه رایه تی حزب و باقی ئه ندامانی دیکه ی موقیمی ده ره وه خۆیان بگه یه ننه عێراق و له وێ ڕا دوای دارشتنی به رنامه ی کار به نهێنی بگه ڕێنه وه کوردستا ن. ئه من هاتمه به یرووت و له وێرا هاتمه عێراق و ده گه ڵ باقی ئه ندامانی حزب له گەرمێن یه کمان گرته وه. له گه رمێن له کۆبوونه وەی کۆمیته ی ناوەندی دا بریار د را له و کا د ر و ئه ندامانه ی حزب که ده گه ڕێنەوە، کومیته ی زاگرۆس پێک بێ و ئه رکی رێکخستنی سا زمانی حزب له وڵات وه ئه ستۆ بگرێ. ئەمن وەکوو ئه ندامی کۆمیته ی زاگرۆس و به رپرسی حزب له بۆکان دیاری کرام دوای ئه وه بڕیا ر د را بگه ڕێینه وه کوردستان وبه نهێنی خه ریکی خه بات بین. بۆیه ڕەشه مه ی ساڵی 57 هاتمه سه قز. بەڵام هۆی دیاری کردنی من بۆ بۆکان چ بوو؟ یه کەم به هۆی ئه وەی خزم و ناسیاوم هه بوو. دووهه م به هۆی ئه وەی کاک سەلاحه دینی موهته دیم ده ناسی. ئه و ناسیاویه هه م له رێگای کا ک محه مه د موهته دیه وه بوو که برای کا ک سەلاحه دین و دۆستی من بوو، هه م بۆخۆشم کا ک سەلاحه دینم له ئورووپا دیبوو و ئاشنا بووین.

پێش تر کاک جه لیل گادانی په یامی بۆ کۆمیته ی ناوەندی ناردبوو که له سه ر مه زاری کاک عەزیزی یوسفی چاوی به کا ک سەلاحه دین موهته دی که وتوه و له وێ ناوبراو کوتوویه تی جێگای براده ران سه وزه و ئه وه وەکوو ده ربڕینی هه ستی دوستا یه تی و هاوکاری وه رگیرابوو، بۆیه ئەمن که وه ک باسم کرد هاتمه سه قز چوومه ماڵی کا ک عه زیز ماملێ که له وێ وەکیلی

دادگوستەری و ئە ندامی نهێنی حزبی دێموکرات بوو. بە کاک عە زیزم کوت دە چمە بۆکان کا ک سەلاحە دینی موهتە دی دەبینم وئە ویش بە ماشێنی خۆی هێنامیە بۆکان و بۆ وەی دە گە ڵ من نە بیندرێ لە چوار رێی سە قز داینام و کوتی بپرسە زۆر کە س ماڵی کاک سەلاح دەزانن و رێنوێنیت دەکە ن. ئە من پێش تر قە ت بۆکانم نە دیتبوو و ئە وە ئە وەڵ جار بوو چاوم بە و شارە دە کە وت. بە پرسیار کردن ماڵی کاک سەلاحە دینم دیتە وە. کە لە پە نجە رەکە ڕا دیتمی بە رە وپیرم هات. زوو کوتم نێوم مە حموود ئە مینی و خە ڵکی سە ردە شتم. کە چووینە ژووری کاک مە لاعومە رعە سری و کاک محە مە د ئێلخانی زادە و چا پە زێکی لێ بوو. کا ک سەلاحە دین کە بە وانی ناساند م کوتی ئە وە کاک سە لیم بابانزادە کوڕی محێد یناغای دۆستاڵی یە و لە ئورووپا ڕا هاتۆتە وە. مات وو موتە حە یر مام، وەکوو سیگناڵێک وە رم گرت کە کوتم دەبێ حکوو مە ت زۆر بێ هێز بووبێ بۆیە کاک سەلاحە دین وا بێ پە روایە. دوایە سە ری قسە م لە گە ڵ کردە وە و هیواداریم دە ربڕی هاوکاریمان بکا و ڕاسپا ردە کە ی کاک جە لیلم وەبیر هێناوە، کوتی خراپ لە پە یامە کە گە یشتوون بە ڵام بەتایبەت کە تۆ هاتووی هە رچی لە دەستم بێ دریغ ناکە م.

ئێوارێ گە ڕامە وە سە قز و بە کاک عە زیزم کوت لە رێگای کاک سە لاحە وە ناکرێ و دە بێ رێگای دیکە ببینینە وە و داوام کرد لە بۆکان دۆستی دیکە م پێ بناسێنێ. تە شخیسم ئە وە بوو کا ک سەلاحە دین تێروانین و هە ڵوێستی دیکە ی هە یە.

کاک عە زیز کە سایە تیە کی فە ر هە نگیی پێ ناساند م کە دەبیری دەبیرستان بوو، داوام لە و دۆستە تازەیەکرد لە بۆکان ژوورێکم بۆ بگرێ، ئە ویش لە ماڵی خۆیدا ژوورێکی دامێ ، ئیدی لە بۆکان نیشتە جێ بووم.

دوای ماوەیە ک بۆ دیداری ئە ندامانی دیکە ی کومیتە ی نا وەندی چوومە سنە و لە وێ چاوم بە کا ک هاشمی کە ریمی کە وت و دە گە ڵ هێند ێک ڕووناک بیری سنە لە ماڵی سەلاحی شێخە لئیسلامی ئاشنابووم هە ر وەها لە گە ڵ کا ک عە بدوللای بابان لە لە ندە ن ئاشنا ببووم لە وێ دووبارە چاوم پێی کە وتە وە. دوایە دەگە ڵ کا ک هاشم کە ریمی چووینە کرماشا ن بۆدیداری کاک ئە میری قازی. لە وێ دوای دیتنی کاک ئە میر دە گە ڵ کاک حە مە دە مینی سیراجی چووم بۆ هە ورامان. ئە و وە ک ئە ندامی کومیتە ی ناوەندی و ئە من وە ک ئە ندامی کو میتە ی زاگرۆس. لە دانیشتنە کاندا هەر چی کاک حە مە دە مین لە ڕوانگەی حزبی توودە وە لێکی دە داوە لێم هە ڵدە وە شاندە وە. پێی دەکوتم **(سەلیم عە جە ب تە قسیمی کارێکمان کردوە)**

لە هە ورامان ڕا دەگە ڵ کاک حە مە دە مینی سێراجی چووین بۆ تاران. ئە من دە مویست دوکتور قاسملوو ببینم و باسی چۆنیە تی کاری بۆکان و ئە و سە فە رە ی هە ورامانی بۆ بکە م کاک حەمەدەمینیش چوو بۆ دیتنی نوورە دینی کیانووری.

بێمە وە سە ر کاری بۆکان ،ئە و دەبیرە رێزدارە کە مالە کە ی خۆی لە ئیختیار نابووم و هاوکاری حزبیم بوو سە ید جەعفە ری کە ریمیی (4)پێ ناساند م. ناوبراو خوێندکاری پزشکی لە زانکۆی تەورێز و چالاکیی سیاسی بوو، گە نجێکی رووناک بیر و نە ترس و ئازا بوو. خۆشە ویستی خە ڵک بوو.

هەر وەها کاک جه عفه ر حامدی هات که مامۆستایه کی ڕێزداری نێوشار و له تێکۆشه رانی سیاسی نێو ڕاپه ڕینی خه ڵک بوو، دوایه تایر عه لیار هات که خوێندکاری زمان و ئه دەبیاتی فارسی بوو له زانکۆی ته ورێز. زۆر مامۆستا و خوێندکار و خه باتکاری د یکه له هه موو سنف و چین و توێژێک ورده ورده داوه رین و له ده وری یەکتر کۆبوونه وه. به هۆی ئه وەی میرزاحوسێن فاتحی له قەدیمەوه وەکوو ئه ندامی حزب ناسرابوو و ئێمه ئێستا هەر کاری نهێنیمان دەکرد برێک د ره نگ تر پێوەندیم پێوه گرت و له تەجرەبه ی پڕبایەخ و ئه و ناسیاویه ی له سەر خه لکه که بووی که ڵکی زۆرمان وه رگرت. هه روه ها زۆر که سی دیکه له و بواره دا ده وریان هه بوو که له به ر مولاحەزەی حاڵی خۆیان باشتره نێویان نه هێنم. دوایه کومیته ی حزب له بۆکان دروست بوو و دەستی به کار کرد. ئه ندامانی هه وەڵین کومیته ی حزب له بۆکان ئه وانه بوون کاک جه عفه ر حامدی، سەید جەعفه ر که ریمی، میرزاحوسێن فاتحی، کاک تایر عه لیار، ده بیره سا حه ب ماڵه که ی خۆم، ده بیرێکی دیکه، هه ر وه ها دوو که سی دیکه که هه ردووکیان خوێندکاری پزشکی بوون . ئه و کومیته یه ئه ر کی په ره پێدانی ڕێکخراوی حزبی دێموکراتی وه ستۆ گرت و تا رووخانی رژیم کاری کرد و دوایه ته رکیبه که ی هیندێک ئاڵووگۆڕی کرد.

له و ماوه دا له بۆکان نیشته جێ بووم له کۆبوونه وەکانی مزگه وتی جامیع دا به شداریم ده کرد و به وردی گوێم ده دا باسه کان و سه رنجم ده دا هه ڵوێستی خه ڵکه که و که سایه تیه دیاره کان و ره وتی ڕووداوه کانم هه ڵده سه نگاند. بۆخۆم له باسه کاندا به شداریم نه ده کرد بۆ وەی نه ناسرێم . هه ر وا به نهێنی پێشره فتی کارەکانم به هاسان تر ده زانی. له و کۆ بوو نه وانه ی مز گه وت دا که ته قریبەن هه موو هه ڵسووڕاوانی سیاسی کۆن و نوێی شاره که تێیدا بەشدار دەبوون بۆم ده رکه وتبووکاک سەلاحه دین موهته دی و ته یفی ده وروو به ری نه زه راتی تایبه تی خۆیان هه یه که ده گه ڵ نه زه راتی ئێمه یه ک نا گرێته وه ،هه روه ها سه ید جەعفه ری که ریمیی هاوکاری خۆم و ده وروو به ری له بووچوونه کانی حزبی تووده بێ به ری نین. د وای پێوه ست بوونی سه ید جه عفه ر به تیمەکه ی ئێمه ، به شێکی زۆری قسه کانی خۆمان له رێگای سه ید جەعفه ره وه ده کرد. له و سه رده مه دا سه ید جه عفه ر یه کێک له هه ڵسوورا وترین تێکۆشه رانی شا ری بۆکان بوو . لیهاتوویی خۆی ، ئه و دۆست و ئاشنایانەی له شاره که دا بووی وپێوه ندی حزبیی که بووی ورده ورده وایلێکرد که بوو به خاوەنی سه ره کی تریبۆنی مزگه وتی جامعی بۆکان و ئاوینه ی باڵا نوێنی سیاسه ته کانی کومیته ی ئێمه له بۆکان. سه ید جەعفه ر که ریمی به پشتیوانی و ڕێنوێنی و راوێژی هه میشه یی که پێکه وه بووما ن سیمایه کی خوشه ویستی شا ری لێ ده ر هات.

سیاسه تی ئێمه بۆ پێک هێنانی کومیته ی حزب و په ره پێدانی له و بڕگه زەمانیه دیاریکراوه دا له سەر ئەو خاڵانه داندرابوو.

1.حه ڕه که تی نه ته وه یی له کۆمه ڵگاکه دا به هێز که ین و باوه شێنی ئاگری دوو به رەکیی چینایه تی نه که ین و خۆ له پوپولیسم بپارێزین.

2. ته واوی ئه و که سانه ی سۆزیا ن بۆ مافی نه ته وه یی کورد هه یه لێک نزیک که ینه وه و له تیکۆشانێکی شێلگیری نه ته وەییدا رێکیان خه ین

3. ڕێزی بۆچوونی جیاواز له نیو ڕێکخستنه که ی خۆمان دا بگرین و له توانای هه موو لایه ک له نیو رێکخراوی حزبیدا که ڵک وەرگرین.

4. هەموو هێزی کۆمه ڵ بۆ خه بات له دژی ده وڵه تی نا وه ندی ته رخان بکه ین و ریگا نه دەین دەست و پێوه ندیان له ناوچه که دا په ره بگرێ.

5. له نێو کۆمه ڵگای خۆمان دا به ر به ره کانی ده گه ڵ زوڵم و ده ست درێژی بکه ین له لایەن هەر که سێکه وه بێ .

له سه ر ئه و بۆ چوونانه رێکخراوی حزب شکلی گرت و کاتێک رژیم رووخا و شوورای شا ری بۆکان دامه زرا ئێمه چه ند ئه ندامی کومیته که مان ئه ندامی شووڕای شار بوون و بێجگه له وان چەند ئه ندامی دیکه ی شوورا دۆستی نزیکمان بوون و روکنێکی به هێزی شووڕای شاره که بووین. له کاتی پێک هاتنی شووڕای شاردا ئێمه پێمان وابوو دامه زراوه یه کی گه لیه و ده بێ پشتی بگیرێ تا له نێو شاره که دا حه یسیه تی بچێته سەرێ. بۆیه بریارماند ا پشتیوانی لێبکه ین و بۆ چه سپاندنی بریاره کانی یاریدەی بدەین و وەکوو عاملی ئیجرایی له ئیختیاری دابین. ئه ندامانی کومیته ی حزب لەنێو شووڕادا که ئاگاداری روانگه ی رێکخراوی حزب بوون و له داڕشتنی ئه و سیاسه ته دا بەشدار بوون چالاکانه له نێو شووڕا دا هه ڵده سووڕان . له ته واوی ئه و ما وەیه ی شووڕای شاری بۆکان ئیدارەی شاری به ئه ستۆوه بوو که له رووخانی رژیمی شا ڕا تا نزیک شه ڕی سێ مانگه ده کێشێ بۆکان به و خه ڵکه لێهاتوو و ژیرەیه وه شا رێکی ئارام ، بێ کێشه ، پاک و خاوێن و پڕ له شارستانیەت بوو.

رێکخراوی حزب له و ده ورانه دا خه ریکی رێکخستنی خۆی بوو، هه م له شا ر و هه م له دێ و رۆژ به رۆژ زیاتر په رەی ده گرت. یه کیه تیه کانی لاوان، ژنان و کومیته کانی بازار و مامۆستایانی مه دره سه کانمان هه بوو. له نێو بازاردا کومیته ی به رگ دروه کان زیاتر له چل ئه ندامی هه بوو و تا ماوەیەک کۆبوو نه وەی رێک و پێکیان هه بوو و یه ک له ئه ندامانی کومیته ی حزب که خوێندکاری پزشکی بوو به ر پرسی ئیداره کردن و کۆبوونه وه وئامووزشی ئه وان بوو. میرزا حوسێنی فاتحی له ڕاکێشانی سه رنجی ئه وان بۆ لای حزب ده وری گرینگی هه بوو.

له و ماوه دا له دێهاتیش تێکۆشانی حزبی بووژابۆوه و له به ر ئه وه میرزا عه وڵا جها نگیری (5)و حاجی مەلاقادری خورسه ندیش به ئه ندامانی کومیته ی حزب زیاد کران و ده ست به رێکخستنی شووڕای دێهات کرا و هه ر ئه و هه ڵوێسته ی به رامبه ر به شووڕای شار بوومان به رامبه ر به شووڕای دێهاتیش گرتمانه به ر و ئا کامی زۆر به نرخمان لێ وەرگرت..

هێندێک کێشه ی وەکوو شه ڕه کانی یه کیه تی جووتیاران له هه وشار و لێدانی ئایه تولڵا ره بانی له بۆکان و شتی دیکه ی له و چه شنه له گه ل شێوه کا ر و بۆچوونه کانی ئێمه یه کی نه ده گرته وه بۆیه به دڵمان نه بوو و خۆمان تێ وه رنه دا . بۆکان تا هه ڵایسانی شه ڕی سێ مانگه شارێکی ئارام ئازاد و بێ کێشه بوو . له کاتی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سه ر بۆکان ئێمه له نێو شار دا شه ڕمان له گه ڵ نه کرد و پێشترخه ڵکه که مان ئاگادار کردبوو که شاره که به جێ دێڵین چونکه له سنه و سەقز دیبوومان که ئا کا می زیان باری بۆ ئه منییه تی خه ڵک هه یه. کا تێک له شار وه ده ر دەکەوتین به شێک له لا یه نگرانی حزب به په رۆشه وه به رێ یان کردین ئه وه له کاتێک دابوو که چه ند رۆژ پێش تر شه ڕه قورسه که ی نێو شاری سه قز روویدابوو و خه ڵخاڵی چه ند که سی له وێ ئیعدام کردبوو که له نێو ئیعدام کراوه کاندا بۆکانییشی تێدا بوو و هێرشی رژیم و ئه و کاولکا ریانه ی له سه قز کردی و ئه و ئیعدامه به په لانه ی ئه نجامی دا ترس و خۆفیکی زۆری خستبوه

دڵی خەڵکەوە و کە ش و هە وایە کی قورسی بە سە ر کۆ مە ڵگا کە دا سە پاندبوو. ئێمە شارمان بەجێهێشت بە رە و سێوە دین و لە تاریکایی داگە راینە وە بە رە و ئاڵی کە ند و شە وما ن لە خەرمانەکانی ئاڵی کە ند بردە سە ر. چە ند نە فە ر لە و پێشمە ر گانە ی لە سە ر جادەی سە قز بۆکانمان دانابوون دیتبوویان هێزێکی پر چە کی حکوومە ت نزیک بۆتە وە و بە ئارایشی جە نگیە وە دێتە پێشێ و بەشەڕ هاتن دە گە ڵی زیانبار دەبێ هە ر ئە و رۆژە هاتنە وە لای ئێمە و شە وێ دە گەڵمان هاتنە ئاڵیکە ند ستوونێکیش کە لە میاندواوە وە بە رە بۆکان هات لە ئاوایی وشتە پە نە فە رێک بە نێوی محەمە د حاجی ئە حمە د ی (6)کوشتبوو و بابی کاک تایری عە لیاریان گرتبوو و واریدی شاری بۆکان بوون. ئە و ستوونە لە میاندواوە وە هە تا بۆکان زەبرووزەنگی زۆری نیشان دا و ئازارێکی زۆری خە لکی ئاواییە کانی دە ورووبە ری کرد وهە ر شار کە وتە و ە دەستیان ، گرتن و تە بعید و ئازاردان و بێ رێزی بە خە ڵکی بۆکان دە ستی پێکرد. خۆمە ینی رۆژی بیستوو حە وتی مانگی پێنجی ساڵی پە نجاو هە شت فە رمانی هێرش بۆ سە ر کوردستانی دا و رۆژی دەی مانگی شەشی ساڵی پە نجاو هە شت بۆکان گیرا.

**پە راوێزە کانی ئە و بە شە:**

1. محە مە د نووری لە تێکۆشە را نی زەمانی کۆماری کوردستانە .تە بعی شاعری هە بوە و هێند ێک لە شعرە کانی هە ستی نیشتمان پە روە ری بە هێزی تێدایە . بە نە مانی کۆماری کوردستان دە لێی ئە و هە ستە لە ویش دا مردوە چونکە ئیدی شعری دیکە ی وای نە کوتوتە وە و لە هە موو شوڕش و ڕاپە رینێکی کوردایە تیش دوور کە وتە وە. ناوبراو دوای نە مانی کۆماری کوردستان دە گە ڵ میرزا سالح سە نە ندە جی ناسراو بە ئوقلید وس و کە سێکی ئازەری ناسراو بە بە حرولعلووم لە پە نای بنە ماڵە ی ئاغایانی قارە مانی دا لە گۆلێ گیرساوە ولە دە ست تەعقیب و هە ڵبرینی ئە و سە ردە م نە جاتی بوو. لە ڕاپە ڕینی جووتیارانی بۆکان لە سالی هە زار و سێسە د و سی و یە ک دا ماڵی لە گۆلێ و میرزای حاجی برایماغای قارە مانی بوە. رۆژی بیستودووی مانگی ئیسفە ندی ساڵی هە زاروو سێسە دوو سی و یە ک شاری بۆکان کێشە و هە ڵلایەکی گە ورەی بە خۆیە وە دیتوە و ژاندارمری بۆکان بۆ لێک کردنە وەی لایەنەکانی کێشە کە تە قە ی کردوە و نە فە رێک لە هێزی خاوەن مڵکە کان بە نێوی عە زیز خە ڵکی ئاوایی قەرەگوێز کوژراوە . لە زۆر جێگا دیومە تێک چوونی ڕاپە ڕینی جووتیارانی بۆکان و خە ڵکی شاری بۆکان یان دە گە ڵ رۆژی رووخانی دە وڵە تی دوکتور موسە دق بە یە کە وە گرێداوە و پێ یان وابوە ها وکاتە ، لە حالێکدا زیاتر لە پێنج مانگ و نیوی فاسلە ی زە مانی هە یە.ئاخرین کتێبی لە و بارە وە نووسراوە لێکۆڵینە وە کە ی رێز دار کاک رە حمانی محە مە دیانە کە ئە و فاسلە زەمانیە ی لێک جیا نە کردوتە وە .میرزا محە مە د نووری لە ئیسلا حاتی ئە رزی زەمانی محەمەد رە زاشا دا وە کوو کارگوزارێکی رە سمیی حکوو مە تیی لێهات و بە و هۆیە وە وە کوونوێنە ری بۆکان لە مە جلسی شوورای مللی سە ری دە رهێنا . لە رووداوە کانی سالە کانی 46 و47 لە جە لدیان راوێژکاری سوپا بود ئووەیسی بوو و لە موسە لە ح کردنی جە وانمە رد و...دا دە ستی بوو.لە و ساڵانە دا خە ڵکێکی زۆر تە بعید کرا و گیرا و مە لا ئاوارە و ....ئیعدام کران. لە دەورانی شوڕشی گە لانی ئێرانیشدا تە نیا نوێنە رێک بوو ئە و هە لوێستە ی گرت کە باسم کرد .لە کاتی گیرانی شارەبانی بۆکان (سەرکە وتنی شوڕش)و پێک هاتنی شووڕای شار زۆر بە ڵگە ی گرینگ کە وتنە دەست کە باسی تێکۆشانی ناوبراو و هاودە ستە کانی و سە رتیپ پزشکپوور(فە رماندەی تیپی مهاباد) بۆ راگرتنی حکوومە تی پێشوو و نە خشە و پلانە کانیانی لە و پێوە ندیە دادە کرد. ئە ندا مانی حزبی دێموکرات لە شووڕای شار دا کە دیتبوویان ئە و بە ڵگانە لە وانە یە لە بە ین بچن تەحویلی کو میتە ی حزبیان دا و لە لایەن یە ک لە ئە ندامانی ئە و کاتی کومیتە ی حزب شا رد رانە وە وهە ر ماون .کومیتە ی ئە و کاتی حزب لە بۆکان بۆ ئە وەی کێشە و ناکۆکی دروست نە بێ بە سە لاحی زانی بە ردی لە سە ر دانێ.

2. میرزاحوسێن فاتحی خە ڵکی بۆکان و ئە ندامی قە دیمیی حزبی د ێموکرات بوو. خە ڵکی شاری بۆکانی بە تە واوی دە ناسی و رووداوە کانی شا رەکە ، مێژووی بنە ماڵە کان ، کە سایە تی ئینسانە ناسراوە کان وزۆر زانیاری دیکە ی

لەو بابە تە وەکوو خە زینە یە ک لە مێشکی دا کۆ ببۆوە و تە جرە بە ی سالها تیکۆشانی سیاسی وە کوو سە ردە می کۆماری کوردستان و زە مانی موسە دق و زە مانی محە مە د رەزاشا وای پوختە و خاراو کردبووکە هیچ ڕووداوێک شلوێی نە دەکرد و بۆ چارە سە رکردنی هە ر موشکلێک بە هێمنی و ئارامی ڕێگا چارە یەکی دە دیتە وە .کار کردن دەگە ڵی خۆش بوو و هە ستت بە متمانە یە کی زۆر دە کرد.تە نیا بۆ کۆبوونە وەی کۆمیتە ی حزب یا کاری گرینگ دەهاتە دە فتەری حزب و هە ولی خۆ نیشاندان وهاتنە پێشی نە دە دا ، لە کۆبوونە وەی حزبیدا بێدە نگ و کە م قسە بەڵام خاوە ن هە ڵوێست و قورس و قایم بوو. زوو لە سە ر شتە کان ساغ دەبۆوە و نە زە ری خۆی بێ پە ردە، ڕوون و زور کورت بە یان دە کرد. قە ت پشتی لە جوولانە وەی رزگاری خوازانە ی گە لی کورد نەکردبوو و هەر وا لەسەر بیر و باوە ڕی خۆی بوو. کاتیک لە شار هاتینە دە رێ ئە ویش هاتە دە رێ و لە سێوە دین کوتی ئە من زیاتر هە روە ک ئە ندامی شووڕای شا ر ناسراوم و ئێوە نە بێ کە س نازانێ ئە ندامی کۆمیتە ی حزبم با کاتێک هە ستم بە مە ترسی کرد ئە و کات بێمە دە رێ. لێی قوبووڵ کرا و بە رێزە وە ماڵاوایی لێکرا و گە ڕاوە شا ری.

3. حاجی مە لا قاد ری خورسە ندی ئە ندامی قە دیمیی حزبی دێموکرات بوو. پێش تر مە لای ئا وایی گوێگجە لی ببوو. کە وتبوە ژێر چا وە دێری ساواک و لە پشکنینی مالە کە ی دا سە نە د و مە درە کی زۆری لێ گیرابوو و ماوەیەکی زۆر زیندانی کرابوو.دوای شە ڕی سێ مانگە ماوە یە کی زۆر ئە ندامی کومیتە ی حزب لە بۆکان بوو. تاقە کوڕێکی هە بوو لە ریزی پێشمە رگە کانی حزبی دێموکرات داکوژرا. ئینسانێکی نیشتمان پەروە ر، هێدی و هێمن خوشە ویست و جێگای ڕێز بوو.

4. سە ید جە عفە ر کە ریمی خوێند کاری پزشکی بوو لە زانستگای تە ورێز. لە دە ورانی خوێندکاریی دا بە هۆی چالاکی سیاسیە وە چە ند سالێک گیرابوو. لە کاتی شۆرشی ساڵی 57 دا لە هە ڵسووڕاوانی سیاسی نێو شا ری بۆکان و ئە ندامی کومیتە ی حزب لە بۆکان و ئە ندامی شووڕای شا ری بۆکان بوو. گە نجێکی تێگە یشتوو خا وە ن فە رهەنگ و زانا بوو. چە ند مانگ دوای سە ر کە وتنی شۆڕش (انجمن دانشجویان مسلمان) زانستگای تە ورێز لە لیستێک دا نێویان هێنا کە گۆیا پێوە ندی دە گە ڵ ساواک هە بوە. ئە وە کار کردی خراپی لە سە ری هە بوو و خۆی خانە نشین کرد و هە ر چی هە ولّی لە گە ڵ د را فایدە ی نە بوو. ئە من ئە وکات هاتووچۆی زانستگای تە ورێزم دە کرد، کومیتەی حزب ئە رکی بۆ دانا م لە وبارە وە لێکۆ ڵینە وە بکە م. ئە من چە ند جار قسە م لە گە ڵ (انجمن دانشجویان مسلمان) کرد و داوای مە د رە کی ئە و ئیدعایە م لێکردن هیچیان بە من نیشان نە دا و تە نانە ت پێم کوتن ئە گە ر شتێکیان هە یە با ئاشکرای کە ن، هیچ مە د رە کێکیان ئاشکرا نە کرد.

سە ید جە عفە ر پێش ئە وەی بە هۆی شە ڕی سێ مانگە وە بۆکان بە جێ بێڵین دە ستی لە کاری حزبی کێشابۆوە و نەهاتە دە رێ. ئێمە هە موو زۆرمان ڕێز بۆ دادە نا و بۆی بە پەرۆش بووین.

5. میرزا عە وڵای جهانگیری کوڕی حاجی سە عیدی داشبە ند بوو. بنە ماڵە یە کی جێگای ڕێز و کە یخودای ئاوایی داشبە ند بوون. شە ڕی سێ مانگە ئە ندامی کومیتە ی حزبی دێموکرات بوو و لە چالاکیە کانی ئە و سە ردە م دا بە شدار بوو. تا ئاخری تە مە نی دە گە ڵ حزبی دێموکرات بوو .

6. محە مە دی حاجیە حمە د خە ڵکی ئاوایی وشتە پە و پیاوێکی کە یخوداو جێگای ڕێزوو حورمە ت بوو. براکانی کاک قادر و کاک عە لی دانیشتووی ئاوایی ناچیت و وە ک خۆی کە یخودا وجێگای ریز بوون. لە کاتی هاتنی ستوونی نیزامی لە میاندواوەوە بە رە وبۆکان لە مە زرا خە ریکی تۆو چاندن ببوو. بە داخە وە ئە و ستوونە لە هیچ و خۆڕایی تە قە یان لێکردبوو و کوشتبوویان. ناو براو ئە وە ڵ کە سە کە لە گیرانە وەی بۆکانداکوژرا.

## ئه و رۆژانه ی پڕڕه‌نگ تر بوون به‌شی 2

کاتێک ئێمه بۆکانمان به جێ هێشت رێبه رایه تی حزبی دێموکرات مها با دی به جێ هێشتبوو. ئێمه نه‌مان ده زا نی چوونه کوێ و هیچ په یام و رێنوێنی یه کیشیان بۆ نه نارد بووین ، ده بوو بۆخۆمان به‌گوێره ی ئه و هه لوو مه رجه ی له ئاڕا دا بوو خۆمان رێک خه ین و به رنا مه ی کار دابنێین. بۆیه بریارما ندا له دێهاتی ده وروبه ری بۆکان د ه ست بکه ین به گه ڕان،شووڕای دێهات دابمه‌زرێنین، سیاسه تی سه رکوتکه را نه ی رژیم له قاو ده ین ، هه وڵ بده ین خه ڵک له نزیک بوونه وه له ئیداراتی ده وڵه تی به هۆی وه رگرتنی کۆپینی خۆراک و شتی له و چه شنه ئه غیا ر که‌ینه وه هه ر وه ها زیهنی خه ڵکی بۆ به ربه ره کا نی ده گه ڵ حکوو مه ت و پشتیوا نی له پێشمه‌رگه ئاماده بکه ین.کاک سه لیم له دارشتنی به رنامه ی کار و دڵگه رم کردنی هاورێیان بۆ به‌رده‌وام بوون له چالاکیه کانیاندا دوه ری گرینگی هه بوو . وره ی هه موومان به گشتی باش بوو و قوڵمان لێ هه ڵمالی . ده ستمان کرد به گه شت له دێهات دا وله هه موو شوێنه کان که خۆمان وه‌ک پێشمه رگه ده ناساند وه کوو دیارده یه کی نوێ پێشوازیان لێ ده کرد ین.مه سیری گه شتی ئێمه ئاواییه کا نی سێوه دین ، کانی تۆمار ،سه‌رد ه رابا د، کانیه ڕه ش، سه هۆڵان .قا دراوا، کانی سێو و...بوو. له ده ست پێک ڕا شوما ره مان نه ده گه یشته بیست که س .چه که کانمان به شی زۆرمان ئی خۆمان بوو و ته قه مه نی هه ر ئه وه بوو له خه شابه کانمان دا بوو.به ڵام کالیبرپه نجا یه کمان هه بوو که له سه ر جیبێکی که پێش تر ئی ژاندارمری بۆکان بوو دامان نابوو و رۆژه کانی هه وه‌ڵێ که هێلیکوپتر ده سووڕاوه زۆر پێی دڵگه رم بووین و دوا یه خۆمان سووک بار کرد وو شاردمانه‌وه، ئار پی جیه کمان هه بووهه ر وه ها تفه نگێکی 57میلیمتری که زۆر قورس بوو ده گه ڵ هێند ێک موهیما تی ئه و چه کا نه. پووڵوو پاره هه ر ئه وه بوو هه ر که س به گوێره‌ی ئیمکانی خۆی شتێکی له گیرفان دابوو و ئی واشمان هه بوو هیچی پێ نه بوو .بریارمان دا بوو داوای هیچ پووڵێک له که س نه که ین و له کا تی چوو نه نێو گونده کان نه چینه ماڵان و هه موو مان له مزگه وتی ئاوایی بین و نانوو پێخۆرێکی خه ڵک ده‌یهێنا به بێ فه رقوو جیاوازی به شمان ده کرد وو پێکه وه ده مان خوارد. شه وانه له مزگه وت دا ده نوستین و کێشکمان داده نا و به وردی ئاگامان له خۆمان بوو.

تیمه که ی ئێمه ئه وکات له ده ست پێکه وه بریتی بوو له سه لیم بابانزاده ،جه‌عفه ر حامدی، میرزا عه وڵای جهانگیری ، حاجی مه لا قا دری خورسه ندی ،تایر عه لیار ، موته لب حه ریقی ، عه وڵای حه سه ن موکری ،محه مه د ی خد ر ی شێخ زاده، عه لی خد ری شێخ زاده،قا د ری ئایشێ جابر ، ده روێش سما یلی قاڕنجه ، هه ر وه ها ئه ندا مێکی سازما نی چریکه فداییه کانی خه ڵکی ئێران هه‌روه ها نزیک ده که سی د یکه که ناتوانم نێویان بێنم چونکه نازانم له چ با روود ۆخێکی ژیان دان. روومان له هه رئا واییه ک ده کرد گه نجی خوێن گه ر موو لێها توومان لێده ها ڵا و رۆژ به رۆژ زیادمان ده کرد. له ئا وا یی سه هۆڵان عه لی و سه عید مازووچی به تفه نگی خۆیانه وه ها تن له‌گه‌ڵ که وتن هه ر وه ها دوو گه نجی دیکه هه ر له و ئاوا یی یه.به یه ک رۆژ چوار که س ته نیا له یه ک ئا وا یی. له خوراسانه فه تاحی که ریم ئه لیاس هات ،له وه ته میش گه نجێکی دیکه ها ت،له تاراوا سه لاحی عه لیار هات . گه نجی ئازاو جه نگاوه ر ده وریان دا ین . ئێستا ، چه کیان بۆ له کوێ بێنین و لیبا سوو پێداویستیه کانیان چۆن دابین که ین ؟محێد ینا غای د ۆستا ڵی چه ند تۆپی پارچه ناردبوو ده گه ڵ برێک پووڵ وکه وشێکی زۆر. له وه ته میش خه یا تی لیبوو، ده‌ستمان کرد به لباس به د روون دان، پووڵی د روونه که یا ن لێ نه ستاند ین . به شێک له که وشه کانمان له

علماباد شاردەوە. هە ر وە ها لە گە ڵ ئە و ئە نداما نە ی لە شار بوومان پێوە ندی بە رقە رار بۆوە و یاریدەدان دە ستی پێکرد.

چە ند رۆژێک بوو ئە و شێوە ژیانە و ئە و چە شنە تێکۆشانە مان دە ست پێکرد بوولە پشت ئا وا یی حۆسێناباد بووین خە بە ریان داینێ ستوونیکی چە کداری دە وڵە تی ها تۆتە چوار د یوار.بە پە لە هاوڕێیان وە ڕێ کە وتبوون بچنە سە ریان (ئە من ئە و رۆژە لە وێ نە بووم).کاتێک دە گە نێ ستوونە کە ئاوا یی چوار دیواری بە جێ هێشتبوو،وادیار بوو لە سە ر کێشە یە کی زە وی و زار خاوەن زە وی چووبوو شکا یە تی کرد بوو و سپای پاسداران بە فرسە تی زانیبووهاتبوو دە خالە ت لە کێشە کە دا بکا.ئێمە ئە وە ما ن زۆر پێ نا خۆش بوو چونکە ئا واییە کە شووڕای هە بوو و دە یتوانی کێشە کە حە ل کا ،ئە گە ریش حە ل نە کرابا پێمان وابوو ئێمە د ە کرا رێگا چارە یە ک بۆ ئە و کێشە یە ببینینە وە .خە تی تە بلیغا تیی ئێمە ئە وە بووخە ڵک لە پێوە ندی گرتن د ە گە ڵ ئیدارەی دەوڵە تی خۆ بپارێز ێ ،بۆیە بە توندی بە گژ ئە و کە سە دا چووبوون ئە و کا رە ی کرد بوو و هەڕەشە یان لێکرد بوو هە ر وە ها پێمان وابوو یە ک لە دە لیلە کا نی هاتنی ئە و ستوونە ئە وە یە کە پاسدارە کان پێ یان وایە وڵات چۆڵە وکە س نیە بە ر بە ر ە کانی بکا، د ە بێ ئێمە کا رێکی وابکە ین هە ست بە بوونی پێشمە رگە بکە ن بۆیە چە ند شە و دوا یی چووین رێگای میاندواو بۆکانمان بەست. ماشینێکی پە یکان هات ئیستی درا یە ،رای نە گرت ،تە قەی لێکرا وە بە ر نە ها ت . چە ند دەقیقە دوایی تراکتۆرێک لە لای میاندواوەوە هات ئیستی درا یە ،رانە ندە کە ی پە شۆکا خە ریک بوو هەڵدێر درێتە نێو چۆ مە کە ،بە ختە وە را نە تراکتۆرە کە ی لێ کووژاوە و راوە ستا قسە یە کی زۆری لە گە ڵ کرا و تە بلیغا تێکی زۆری بۆ کرا ،کوتی لە نە غە دا را دێمە وە و تراکتور و ترێلی و هە موو دە زگای پێویستی پێ بوو ، زۆرمان د ڵخوشی داوە و بە رێمان کرد .ئیدی هیچی دیکە نەهات و ئێمە ش گە ڕاینە وە و لە گە ڕانە وە دا د یمان ئە و مە زرایە ی پێی دا ها تبووین و ئێستا پێی دا دەگە ڕێینە وە شە واویان لێناوە و قوڕێکە کە ڵ لێی د ە ر نا چێ یە گ جار ماند ووی کرد ین، شەوێ هاتینە لە گز .خە ڵکێکی بێ نها یە ت با شی هە بوو و بە ڕاستی لە هە موو بارێکە وە یاریدەیان د ە دا ین مامۆ ستای ئاوایی مە لا عو بە ید للا کورد ێکی خا وە ن هە ست و شوڕشگێر و نە ترس بوو.چە ند شە و دواتر تیمێکی دە کە سی مان نا رد ە وە نێو شاری بۆکان و تووشی دەرگیری ببوون و دە نگی داوە.ها و کا ت دە گە ل ئە وا نە پێوە ند یە کا نمان دە گە ڵ هێند ێک گە نجی نێوشار پتە و تر کردە وە و داوامان لێکردن چالاک تر بن و ئە گە ر هە ستیان بە مە ترسی کرد بێنە دەرێ. ئە وانە لە هە ر کووچە و کۆڵانێک د یبا یان کاربە دە ستی دە وڵە تیی بێ چە ک د ە خولێتە وە لێیان دەدا و چە ند کە سی وایان بە چە قۆ بریندار کرد ،ماشێن یا ن ڕفا ند بوو هێنا یا نە دە رێ ، دیتبوویان پاسدارێک بێ چە ک سواری مینی بووسێک بوە و بە ە رو میاندواو دە چێ لە گە ڵی سواری مینی بووسە کە ببوون و لە حوسێن مامە دە ما نچە یان لە سە ر ڕاگرتبوو و هێنا بوویانە خوارێ و تە حویلی ئێمە یان دا .بە ر پڕسی ئە و گورووپە کاک فە تاح ئیلخانی زادە بوو کە دوای ئەنجا می چە ند چالاکیی ئاشکرابوو و ها تە د ە رێ ولە گە ڵ تیمە کە ی ئێمە کە وت بە لام ئە و گرووپە ی نێو شار هە ر وا درێژە ی بە کا ری خۆی دا .لاوی شۆڕشگێری وە کوو جەماڵ بەهرامی یان تێدا بوو کە نموونە ی ئازا یە تی ، فدا کا ری و ئە خلا قی ئینسانی بوو. ئە و گە نجا نە لە ورۆژگارە سە ختە دا کا ری گە ورە یان ئە نجام دا و بناغە ی بە ر بە ر ە کانی وداکۆکی لە گە ل و نیشتمانیان لە نێو شا ری بۆکان دا بە هێز کرد .نا کرێ نێویان بێنم چونکە نا زانم لە چ باروودۆخێکدان .

خه ریکی ئه و جۆره کارانه بووین که خه به رمان بۆ هات که سێک به نێوی **ئه حمه د فه ڕاش** هاتۆته ئا وایی برهان و له وێ له ما ڵی نا سیاوێکی خۆیه تی .ناو براو وه کوو پیاوێکی به د نێو، بەدکردار،چه کداری حکوومه تی پێشوو و جا سووسی ژاندارمری و سا واک نێو بانگی ده رکردبوو، هه ر وه ها ده یانکوت د ه ست که ره وه و ئا زا یه.له ره وتی شۆڕشدا له بۆکان نه ما بوو و نا دیار بوو. که وتینه پرسوو جۆ بزانین له کوێوه ها توه ،بۆچی هاتوه، کێ ناردوویه وچی له بن سەردایه. بۆمان ده رکه وت چه کی پێ یه وکوتوویه له دێهاتی ده ورووبه ری میا ند وا وه وه ها توه وده یه وێ له برها ن له ماڵه خزمان بمێنێته وه .ئێمه به و ڕابردوەی بووی پێمان وابوو سۆپای پاسداران ناردوویەتی و بۆ گیا نی ئێمه هاتوه و کێچه ده که و ڵی ئێمه یان کردوه. ده نا بۆ هه ر له و جێگایه ی تا ئێستا لێی بوه نه ماوه ته وه یان ناچێته وه نێو شا ری بۆکان .ئه و له لایه ن حزبی دێموکراته وه قاچاغ بوو چونکه له شه ر ده گه ل تێکۆشه را نی حز بی دێموکرات له سا ڵه کانی 46، 47، دا بەشدار ببوو. ده بوو سه ر له کا ری ده ر بێ نین.ئێمه ئه گه ر پشتی جه بهه مان که سی وه ک ئەحمەد فه ڕاشی لێ با یه کارمان نه ده چوه پێشێ. پێمان وابوو چونکه برهان پێش تر پاسگای ژاندارمری لێ بوه و له وا نه یه کۆنه شۆفا ری لێ ما بێ خۆیان مه ڵاس داوه و ئه و ها توه سه روو سامان یان بدا و ره وتی پێشوو درێژه بدا. ده با قامکێک له لێوی ده ین بزانین ده ڵێ چی . تیمێکی پێنج که سیمان نارد بچن ببینن و ئا مۆژگا ری کران وریا بن و هه رهه ستیان به مه ترسی کرد دەستی لێ نه پارێزن به را نه نده ی جیبه که مان کوت له ده ره وەی ئا وایی ها ورێیا ن دا به زێنێ و خۆی ئاشکرا نه کا و چاوه رێ بێ ئه گه رته قه ی گوێ لێ بوو خۆی تێکه ڵ نه کا و بێته وه هەموومان به رێ، ده نا ڕاوه ستێ و ها ورێیان بێنێته وه.دوای چه ند سه عات هاورێیانی ئێمه هاتنەوه و کوتیان دیوما نه و پێمان کوتوه ئێمه کۆمه ڵێک گه نجی نێو شارین و حکوومه ت مان قوبووڵ نیه و ده گه ڵی به شه ڕ دێین به ڵام که م ته جره به و شه ڕ نه دیده ین (2)زانیومانه ئه تۆ لێرەی، پێویستمان به که سێکی وه ک تۆ هه یه فه رمانده یی مان بکا ئه ویش پرسیبووی کێن و سه ر به چ حزبێکن ،وڵامیان دابۆوه سه ر به هیچ حزبێک نین .ناو براو هیچ شتێکی روونی به ده سته وه نه دابوو و کوتبووی ده بێ هه مووتان ببینم و بزانم کێن دوایه وڵامتان ده ده مه وه ،هاوڕێیانی ئێمه ش کوتبوویان زۆر باشه سبه ینێ دێین دەت به ین بۆ وه ته میش و ئه ویش قوبووڵیکرد بوو.سبه ینی هاورێیانی ئێمه ببوونه د وو ده سته . د ه سته یه ک له خوارئاوایی ئیسا که ند خۆیان حه شا ر دابوو و پێنج که سه که ی رۆژی پیشوو چووبوون و سواری جیبه که یان کرد بوو و هێنا بوویان، بریاری کوشتنی نه درابوو و ده بوو بێ له وه ته میش قسه ی له گه ڵ بکرێ که گه یشتبوونه نێو ئه و هاورێیانه ی له خوار ئیسا که ند بوون و چا وی پێ یان که وتبوو چه ند که سێکی ناسیبوونه وه و نیگه ران ببوو . ده ستی بۆ تفه نگه که ی برد بوو ، ئیختاریان پێ کرد بوو ده ست بۆ تفه نگ نه با و تفه نگه که ته حویل دا به لام جوا بی نه دا بوونه وه ، ته قه یان لێکرد بوو و هه ر له وێ کوژرابوو. ئه من ئه ورۆژه بۆ ڕاپه ڕاند نی ئه رکێکی حزبی چووبوومه چاوه رچین و ده گه ڵ ئه و پێشمەرگانەی ده گه ڵم بوون گه ڕاینه وه وه ته میش دیتمان مزگه وتی ئاواییه که هه ر جمه ی دێ و خه ڵک کۆ کراونه وه ئه و خه به ره یا ن پێ ڕابگه یه ند رێ .کوژرا نی ئه حمه د فه ڕاش له نا وچه و له نێو شاریش به شێوه یه کی به ر بڵاو ده نگی داوه .ئێمه ته بلیغمان ده کرد که له نا و بردنی ئه و بۆ پێش گرتن له دیاردەی سیخوڕی بۆدوژمن و پێش گرتن له د روست بوونه وەی جه وان مه رد پێویست بوه.

به دوای ئه و ڕووداوانه دا نه خشه مان كێشا شوێنی گه ڕا نی خۆمان په ره پێ بد ه ین . ده هاتینه ئاواییه كا نی حه ماميان و تاراوا و عه وڵا ته په سی و كۆنه مه ڵاله رهه ر وه ها سه يداوا و نۆبار وو قه ڕه ڵی و عه يشا بادوو شاريكه ند وو داربه سه روو قاره وا و سه رتر به ره و كا نی سێو و باراوا و .... ده گه ل هه مووچين وو توێژيک پێوند يمان ده گرت و بناغه ی دوستا يه تيمان دادەمەزراند ها وكات رێكخراوی حزبمان داده مه زراندووئه ندامامان تێدا كۆ ده كرد ه وه .چووباينه هه ر ئاواييه ک ، شه وێ خه لكمان بانگ ده كرده مزگه وت و سيا سه ته كا نی رژيممان ده خسته بەر هێرش وبۆ خه لكمان ته وزيح ده دا ،له ڕاستی دا ئه وەی پێش هێرشی رژيم له شاردا ده مانكرد ئێستا له دێهات درێژه مان پێ ده دا.له وفرسه ته دا شه وێكی ديكه تيمێكی ده كه سيمان چۆوه نێو شاری و تووشی شه ڕبوون وهه رئه و شه وه ها تنه وه ده رێ. نزيک مانگێک به و جۆره گوزه را تا خه به رمان زانی كاک كه ريمی حسا می ها توته نا وچه ی چۆمی مەجيد خا ن كه وتينه پرسووجۆ و هاتينه كۆنه مه ڵاله ر له وێ زانيمان له غه وساباده و چه ند كه س له تێكۆشه رانی ناسراوی مهاباد يشی ده گه له،زۆرمان پێ خۆش بوو پاش ماوه يه ک خه به رێكمان له هاوڕێيانی ديكه پێده گا ، تيمێكمان نارد بۆ به خێر هاتنيان و ده عوه تمان كردن بۆ لای خۆمان ،شه وێ هاتن و له مزگه وت كۆبوونه وه يه كی زۆر گه رمووگوڕمان ده گه ل خه ڵكه كه گرت .كاک كه ريم ئاگاداری كرد ين رێبه رايه تی حزب له پشكاوێ يه هه ر وه ها ئه و وەک به ر پرسی رێكخراوی حزب له مها باد ها تۆته وه نا وچه كه و پێشمه رگه يان رێک خستۆته وه و دەستيان به به ربه ره كانی كردوه هه ر وه ها پێی كوتين سه رگورد عه ليا ر(3)، سه رگورد عه باسی (4)،سه روان جاويد فه ر(5)، سه رهه نگ قادری(6)،سه رهه نگ رەبيعی (7)و....هه موويان له ئاوا يی چوارتان و خه ريكی رێكخستنی هێزی پێشمه رگه ن بۆ پته وكردنی به ربه ره كا نی له هه موو كوردستان . ئه و خه به رانه هێنده بۆ ئێمه خۆش بوو وه كوو ئاوپرژێنی دڵمان بكه ن وابوو.

به په له هاوڕێيانی خۆمان ئاگادار كرد وپه يكمان بۆ رێبه رايه تی حزب به رێ كرد .له چالاكيەكانی خۆمان ئاگادارمان كردن وداوای چه كوو پووڵمان لێكردن هه ر وه ها كاک سه ليم چوو بۆ چوارگا و له وێ چا وی به سه رگورد عه ليا روو سه روان جاويد فه ر كه وتبوو ، قه ولی لێ وه رگرتبوون بێن له نا وچه ێ بۆكان سه رمان لێ بده ن،هێندەی پێ نه چوو له ئاوايی قا دراوا هاتن سه ريان لێداين وهه ر له وێرا ئێوارێ وه رێ كه وتين به ره و بۆكان .به چه ند ماشێن به جا ده ی برهاندا هاتين و لامان دا به دومگوزوو عه مباردا هاتينه تاراوا وله ده راوی ناچيت په ڕينه وه هاتينه سه ر جاد ەی ئيسفالت . له پێچی عه لياباد ماشێنه كانمان به جێ هێشت هاتينه نێو شاری ، پێشمه ر گه كا نمان له دەوری مقه ڕی سپای پاسداران كه له مه كته بی قورئان دابوو دا مه زراند كه ئه گه ر به چه كی قورس له مقه ره كان مان دا و ئه وان هاتنه د ه رێ بكه ونه نێو ئه و كه مينانه وه .سه روان جاويدفەر به و تفه نگه 57ميليمتريه ی بوومان له مقه ڕه كه ی دا كه جێگا كه ی تا ماوه يه كی درێژ له سه ر ديواره كه هه ر به دی ده كرا ، شه ڕه كه نيو سەعاتی كێشا و ئێمه به وده شته ی عه لياباد دا گه ڕا ينه وه به ره و ماشێنه كانمان ئه و كات ئه و ده شته له خوار قاوه خانه ی نەعداليه وه رووت وقووت بوو و هيچی لێ دروست نه كرابوو ،پايه گای ناڵه شكێنه نووره فكه نی هه ڵدا بوو و ديتينی و به كاليبر په نجا دای گرتين و تا نيوه شه و هه ر ته قوو هۆڕيان كرد و هه موو شار وه خه به ر ها ت ئيدی بوونی پێشمه رگه به كه س نه ده شارد راوه . چه ند رۆژ د وای ئه وه خه به رمان بۆ ها ت ستوونێكی نزامی به پێنج تانگه وه هاتۆته كوليجه وله پشت سه هۆڵان دوو هليكۆپتريش به سه رياندا ده سووڕاوه ،خه به رمان له حاجی شێخ عه وڵا نارد كه ئا ر پی جی مان هه يه و ئه وه ده گه

ینێ، بەڵام تا ئێمە چووین ستوون گە ڕابۆوە و شە ڕێک رووی نە دا .حاجی شێخ عە وڵا ئە و کات خۆی بە ئە ندامی حزب دە زا نی و پێوە ندی نزیکمان دە گە ڵی هە بوو. ئێمە دە گە ڵ هە موو ئە و کە سا نەی کە لە نا وچە ی هاتووچۆی خۆماندا بە هە ر دەلیلێک ناسراو بوون و ڕوویان دە گە ل ئێمە خۆش بوو و لایە نگریان لە شۆڕش دە کرد پێوە ند مان دە گرت وو دۆستا یە تیمان دە کردن وە کوو حاجی شێخ عە وڵای کولیجە، جەعفە راغا ی سە ردە راباد،کاکە ڕە حما نی عە لیار لە علماباد و کاک قە رە نی لە کانیە ڕ ە ش هە روە ها کاک سڵە ما نی عە زیزی لە کا نی سێو،کاک سە ید عومە ری هدایە تی لە ئاجیکە ند ، مە جید بە گی قە ڕە ڵی ، حاجی هە مزە ی نۆبار ،حاجی کە ریم ئە لیاسی خوراسا نە ، مە لا عوبە ید للای لە گز و زۆر کە سا یە تی دیکە کە د ۆستمان بوون و رێز مان بۆ دادە نان و ئەوانێش پشتیان دە گرتین.ما ڵی کاک سە ید عو مە ری هدایە تی لە ئاجیکە ند و مە جید بە گی قەرەڵی هە میشە بە ڕوومانە وە ئاواڵە بوو .کۆ مە ڵا نی خە ڵکی ئە و دێها تە ش پشتیا ن گرتبووین ، دەیانژیاندین و ڕێگایان نە دا هە ست بە د ووری لە کە سوو کاری خۆمان بکە ین. لە تە واوی دەورانی شە ڕی سێ مانگە دا ئیدی هێزی چە کداری دە وڵە تیی لە حە ما میان بە رە و ئە ولایە ی ئێمە ی لێ بووین تێ نە پە ڕی و نا وچە کە بە تە واوی ئازاد بوو. بۆیە دا ڕشتنی بە رنامە بۆکاری زیا تر لە نێو شا رو فشار هێنان بۆ حکوو مە ت لە نێو شاردا بوو بە گرینگ ترین بە شی کا ری ئێمە لە و بڕگە زە مانیە دا.هێزی پێشمە رگە لە شاری مهاباد یش دە ستی بە چالاکی کرد بوو و لە جا دە ی بانە ستوونیکی گە ورە چە ک کرابوو ئیدی شە ڕوو بە ر بە رە کانی تە واوی کوردستانی گرتبۆوە و لە هە موو ئێراندا دە نگی دابۆوە ،د ە وڵە تی بازرگان کە سێکی بە نێوی صادق زیبا کە لام نارد بوە کوردستان بۆ لێکوڵینە وە. لە سە فە رێکی کە دە گە ڵ کاک سە لیم بۆ چوارگا کردمان کە وە ژوور کە وتین دیتمان ئە و نوێنە رە ی دە وڵە ت ئە وە لە وێ یە و خە ریکە دە گە ڵ سە رگورد عە باسی لەسەر بە رماڵێک پێکە وە نو ێژ دە کە ن پرسیمان چۆنە هاتوە کوتیان پێشمە رگە ی هێزی پێشە وا سە ر بە حزبی دێموکرات لە نێو فە رمانداری مهاباد رفاندوویانە،زۆرمان پێ سە یر بوو وابزانم دوایی برادە رانی رێبە رایە تی حزب دیتبوویان و هیند ێک سرتوو خورتیان دە گە ڵ کرد بوو و بە برێک پە یام بۆ وتووێژ و شتی واوە بە رێ یان کردبۆوە .

ئێمە کە ماوە یە ک بوو داوامان کرد بوو حزب چە ک مان بۆ بنێرێ دوای ما وە یە ک چاوە روانی چە ند قە بزە پاڕاشووتیان بۆ نارد بووین کە بە ناقابلی بە سەر بێ چە کە کاندا بە شمان کردن و دەستمان کرد بە دانانی پلانی چالاکی لە سە ر مقە ڕە کانی پاسداران لە نێوشارداو شە وێک لە کێوی پشت ئاوایی کۆسە وە بە و تفە نگە 57ەی بوومان دووجار بە پایە گای ئە ڕتە ش لە ناڵە شکێنە مانەوەنا . چە کە کە ی ئێمە گڕیکی زۆری لە پشتە وە لێ دە هاتە دە ری بۆیە زووشناسایی یان کردین و نوورە فکە نیان هە ڵدا و کێوی کۆسە یان وە بە ر خۆمپارە دا .ئە وگرموو هۆڕە بە سە ر شاردا لە باری تە بلیغاتیە وە زۆر بە قازانجمان تە واو بوو و ورە ی ئە و هاورێیانە ی نێو شاری زۆر برد بوە سە رێ.

لە سە ر چۆنیە تی هاوکاریمان دە گە ل رێکخراوو کە سایە تی سیاسی دیکە لە و دە ورە سێ مانگە یە دا کاک سە لیم دە ڵێ :

ئێمە پێمان خۆش بوو هاوکاری نزیک هە بێ وتە نانە ت چالاکی پێشمە رگایە تی مان پێکە وە بێ ئێمە رێکخراوێکی ئید ئولۆژیک نە بووین کە لە سە رخە تێکی تایبە تیی تێئۆریک ساغ بووبێتینە وە و هەر ئە وکە سا نە ی ئە و شێوە بیر کردنە وە یان هە یە لێک گری بدە ین بە لکوو رێکخراوێکی

ناسیونالیستی بووین که هه ر که سێک بیری داکۆکی له مافی گه لی کوردی بایه بۆ ئێمه مه قبووڵ بوو و بۆمان گرینگ نه بوو موسوڵمان یا لا مه زهه ب یا هه رچی هه یه .مه سه لەی گرینگ بۆ ئێمه بیرکردنه وه له مافی نه ته وایه تی کورد بوو. ئه و کات ته نیا رێکخراوی چریکه فداییه کانی خه ڵکی ئێران بوو که له بۆکان هێزی چه کداریان هه بوو و له شه ڕەکه ی نێو شاری سه قزچه ند که سیان لێ کوژرابوو. به داخه وه هه رچی کردمان په یدامان نه کردن . که سێک که خۆی به ئه ندامی وان دەزانی و لێ یان هه لبڕا بووپێشنیارمان پێ کرد ده گه ڵ ئێمه بێ و ئه ویش قوبووڵی کرد و تا گرتنەوەی شاری بۆکان ده گه ڵمان بوو زۆریشمان رێز بۆ داده نا.کاک سەلاحی شه مس بورهان که ئی (اتحادیه کمونیستها) بوو له کولیجه ده بوو،داوام لێکرد چاومان پێک بکه وی هاته ئاجیکه ند و لەوێ یه کترمان دی پێم کوت با بێن پێکه وه بین قوبووڵی نه کرد کاک مینه ی حسامی و کاک هاشم ره زاییم له ئاجیکه ند چه ند ین جار دی و پیشنیاری هاوکاری و هاوخه باتیم کرد ته نانه ت پێم کوتن ئه وه تا ئه ندامی چریکه کانمان ده گه ڵه و خه ڵکی بۆ کانه وبۆخۆتان ده یناسن وه رن با هه موومان پێکه وه بین قوبووڵیان نه کرد دوکتور شه فیعی له بناری ته رەغه بوو و بێ شک کاک مینه و کاک هاشم له پێشنیاره که ی ئێمه ئاگاداریان کرد بۆوه به ڵام هیچ وڵامێک نه بوو.بۆیه هاوکاری هیچ لایەکمان بۆ ده سته به رنه کرا و بۆخۆمان به ته نیا شانمان وه به ر دا.

درێژه ی هه یه

**په راوێزه کانی ئەو به شه** :

1.ئه وئه ندامه ی چریکه کان وه ک چۆن ئێمه نه مانده زانی رێبه رایه تی حزبه که مان له کوێ یه ئه ویش له شوێنی هاورێیانی خۆی ئاگادار نه بوو له رۆژی هاتنه دەرمان له بۆکان تا رۆژی گیرانه وەی شاره که ده گه ڵمان بوو. ئینسانێکی ئازا و چاو نه ترس پاکوخاوێن نه جیب و ئاراموو بێ ده نگ بوو.له کاتی گیرانه وەی شار دا په لێکی چریکه کان هاتبۆوه بۆکان و ئه ویش ده گه ڵیان تێکه ڵ بۆوه.نه ماڵاوایی لێکردین نه قه ت جارێک سه ری لێ داین لەحالێک دا مقه ڕه کانمان فاسیله یان ته نیا 100 متر بوو.

2.ئێمه یه ک دوو که سمان ده گه ل بوو سالها له کوردستانی عێراق پێشمەرگایه تیان کردبووهەروه ها که سی وامان دەگەڵ بوو بۆ خۆی نزامی بوو و زۆر شارەزا و ئازا بوو.هه ر وه ها چه ند که سێکمان له شه ڕه کانی سنه و سەقز دا به شداریمان کرد بوو ،بۆیه زۆریش بێ ته جره به نه بووین و ئه وقسه یه ته نیا بۆ هه ڵخه ڵه تاند نی ئه حمه د فه ڕاش کوترابوو.

3.**سه ر گورد که ریمی عه لیار** له ئاوایی کانیه ڕه شی بۆکان له دایک ببوو و له ئاوایی عه مبار گه وره ببوو. ئەفسەری پیاده بوو.ئینسانێکی ئارام له سه ره خۆ به شه خسیه ت و مه ردمدار بوو.بێجگه له دانشکه ده ی ئه فسه ری ، لسانسی حقووقی دانشگای تارانی هه بوو زمانی ئنگلیسیی وەکوو کوردی قسه دەکرد.ماوه یه ک فه رمانده ی هێزی پێشه وا، ماوه یه ک فرمانده ی هێزی عەزیز یوسفی بوو.له کونگره ی شه شی حزبی دێموکرات وه کوو ئه ندامی کومیته ی ناوه ندی هه ڵبژێر درا .له ئاوایی ناوه له مه نته قه ی بانه له شه ڕ ده گه ڵ پاسدارانداا کوژرا .پێش کوژرانی جارێک له شه ڕی جاده ی پیرانشار / سه ردەشت وجارێک له مه نته قه ی سەقز برینداار ببوو. له کاتی کوژرانیدا سەرپه رستی ستادی فه رمانده یی پێشمه ر گه ی حزبی دێموکرات بوو.له کاتی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان فه رمانده ی پادگانی پیرانشار بوو.پادگانی به جێ هێشت و هاته ریزی وڵات پارێزانی کورده وه.

4.**سه رگورد حه بیبوللای عه باسی** ئه فسه ری تۆپخانه بوو خه لکی مهاباد و له نێو بنه ماڵه یه کی ئایینی دا گه وره ببوو. بۆخۆشی ئه هلی عباده ت و نوێژوو رۆژوو بوو.ئینسانێکی شه ریف ،له سه رەخۆ و یه گجار هێدی و هێمن

بوو.له شاری مهاباد به ده ست کۆماری ئیسلامی تیرۆر کرا .له کاتی کو ژرانیدا ئه ندامی کومیته ی ناوه ند یی حزبی دێموکرات هه ڵبژێردراوی کونگره ی چواری ئه و حزبه بوو.

5.**سه روان ئه حمه دی جاوید فه ر** خه ڵکی مهاباد و ئه فسه ری تۆپخانه بوو .له کاتی سه رکه وتنی شۆڕشی گه لانی ئیراندا له پادگانی مهاباد خزمه تی دەکرد و له تەحویل دانی ئه و پادگانه به حزبی دێموکرات دەوری گرینگی هەبوو. نیشتمان په روه رێکی به ئیمان و لێهاتوو بوو.له ئه ده بیاتی حزبی دێموکرات دا به **کاک هه ژار** نێو دێر ده کرێ. له شه ڕی جادەی بانه سه ردەشت کوژرا.له کاتی کوژرانیدا فه رمانده ی هێزی پێشه وا و ئه ندامی کومیته ی ناوه ند یی حزبی دێموکرات هه ڵبژاردەی کونگره ی پێنجه می ئه و حزبه بوو.

6.**سه رهه نگ ئیره جی قادری** خه ڵکی ناوچه ی شنۆو ئه فسه ری پیادەیه به خته وه رانه ماوه و ئێستا له وڵاتی سوئێد ده ژی .له تەحویل دانی پادگانی مهاباد به حزبی دێموکرات ده وری گێڕا .ماوه یه ک فه رمانده ی هێزی ئه فشین بوو هه روه ها ماوه یه ک ئه ندامی کومیته ی ناوه ندی حزبی دێموکرات بوو له ئینشعابی ڕێبه ڕایه تی شۆڕشگێردا ده گەڵ وان که وت، ئینسانێکی ئارام و کوردێکی وڵات پارێزه .

7.**سه رهه نگ ڕەسووڵی ڕەبیعی** خه ڵکی مهابادوو ئه فسه ری پیاده بوو.بۆ خه لکی ناوچه ی بۆکان نێویکی ئاشنایه چونکه ماوه یه ک فه رمانده ی هێزی به یان بوو و قاره مانه تی ئه و هێزه به شێکی ده گه ل نێوی ئه و تێکه ڵ بوه. زۆر له حزبی د یموکرات دا نه مایه وه و هاته وڵاتی سوئێد پێش هاتنی بۆ نێو حزبی دێموکرات فه رمانده ی ژاندارمری مهاباد بوو.چه ند مانگ له وه پێش له وڵاتی سوئێد ماڵاوایی له ژیان کرد.

ئه وئه فسه رانه له داڕشتن و فه رمانده یی کرد نی هێزی پێشمه رگه ی حزبی دێموکرات دا ده وری گه وره یان گێراو بۆ داکۆکی له مافی گه لی کورد گیانی خۆیان به خت کرد ئه لبه ته شوماره یان زۆر له وه زیاتره که لێره دا هاتوه. هێند یک لایه ن هه رچی له ده ستیان هات بۆ به د نێو کردنیان دریغیان نه کرد به بێ ئه وه ی هیچ به ڵگه یه کیان بۆ ئیدعاکانی خۆیان به ده سته وه بێ .ئه وانه هه موویان له سافیی شۆڕش گوزه رابوون و له لایه ن کۆماری ئیسلامیه وه شوغلیان درابوویه .هه ستی نیشتمان په روه ری هێنابوونیه نێو شۆڕشی کوردستانه وه.له کاری ڕێکخستنی هێزی پێشمه رگه وفێرکردنی تاکتیکی شه ڕ و شێوه ی به ربه ره کانی و به کار هێنانی چه ك وبه رپه رچ دانه وەی شه ڕی ڕه وانی و...شاره زا و ئامووزش دیده بوون و ته نیا سنفێک بوون بۆ ئه و کاره ی ده یانکرد ده وره یان دیبوو و ئەرکی پێ ئه سپێردراوی خۆیان به ته خه سوسه وه ئه نجام ده دا.به ڕاستی چ فه رقێک به ینی ئه وانه و ئه فسەرەکانی کۆماری کوردستان هه یه.

**ئه وڕۆژانه ی پڕره نگ تر بوون (به شی کۆتا یی)** ئاماده کردنی : تایرعه لیار

هێرش کردن بۆ سه ر بنکه نزامیه کانی حکوو مه ت له سه راسه ری کوردستان په ره ی گرتبوو. ئیبتکاری عه مه لیات که وتبوه ده ست هێزی پێشمه ر گه ی کوردستانووهێرشیان دەکرده سه رئه و بنکه ده وڵه تیانەی له شاره کاندابوون یا ئه و ستوونانه ی به جاده کاندا هاتووچۆیان ده کرد . له نێو شاری مها باد له عه مه لیاتێکدا هێزی پێشه وا پێنج تانگی له دوژمن شکاند و تانگێکیشیان به ساغی لێ ئه ستاندن. قابغی شکاوی ئه و تانگه سووتاوانه تا ماوه یه ک هه ر له سه ر شه قامه کان مابوونەوه پێشمه رگه بۆ لێدانی دوژمن که وتبوه ره قابه ته وه و ئێمه ش له ناوچه ی بۆکان خۆمان ئاماده کرد بوو بۆ حوزووری زیا تر له نێو شاردا و چه ند جاری دیکه شه وانه پێشمه رگه چوونه وه نێو شاری بۆکان بۆ شناسایی دەقیق و به رۆژ له نێوشار ما بوونه وه و به راوه ردێکی روونیان له هەلوو مه رجه که کرد بوو . پێمان وابوو وه ختی ئه وه هاتوه به رۆژ له شار دا زاهیر بین و له سه ر شه قامه کانی شار پێشمه رگه ته قه له و پاسدارانه بکا که به چه که وه ده سووڕێنه وه وئه گه ر هێزی یاریده ده ریان بۆ هات ده گه ڵیان ده رگیر بین و ئه گه ر بریندارو کوژراومان هه بوو به یاریده ی ئه و که سانه ی له شاردا هه مانن شه وێ بیان هێنینه ده رێ ته نانه ت ئه و فکره مان هه بوو ئه گه ر بکرێ بۆ چه ند رۆژ شاره که به جێ نه هێڵین و هه ر چه ندی کرا تێیی دا بمێنینه وه . بەومه به سته وه خۆ که وتین و سه رگورد عه لیارمان له به رنامه که مان ئاگادارکرد .ناوبراو ئەوکات فه رمانده ی هێزی تازه دامه زراوی پێشه وا بوو و زیا تر له گوێچکه ده رێ ده ماوه . داوامان لێ کرد بوو به رنامه که مان هه ڵسه نگینێ و له کاتی پێویست دا یاریده مان بکا بۆ خۆشمان ئاماده کاری پێویست مان کرد و بریاری هاتنه وه نێو شاری بۆکان و ئه گه ر کرا گرتنه وه ی شارمان دا ته نا نه ت ئه گه ر بۆ چه ند رۆژیش بێ . سه رگورد رێنوێنی پێویست و قه ولی یاریده ی ته واوی دابوو و کوتبووی به هێزێکه وه دێ به ره و خاڵ ده لیلوو پیر مکایلوو ئه و ناوه و لێمان نزیکه و ئەگەر پێویست بووئاگاداری که ینه وه.ئیدی مه حته ل نه بووین و هێزه که ی خۆمان کۆ کرده وه هەر وه ها په لێک له پێشمه رگه ی هێزی پێشه وا له ئاوایی ده وه شاری بنکه یه کیان دانا بوو و له ناوچه ی چۆ می مه جیدخان دا ئه رکی خۆیان به ڕێو ه ده برد ئاگادارمان کردن بۆ هێند یک مەسەلەی گرینگ بێن له ئاوایی چاوه رچین چاومان پێک بکه وێ .فه رمانده که یان سه ید ڕه سووڵی ورچان بوو رۆژوو کاتی دیاریکراو هاتن و داوامان لێکردن له وبه رنامه یه ی بوومان ئه وانیش بەشداری تێدابکه ن زۆریان پێ خۆش بوو به ڵام سه ید ڕه سووڵ کوتی پێشمه رگه کانی ده گه ڵ ئەون هه موویان خه ڵکی دێهاتی چۆمی مه جیدخانن و کووچه و کۆڵانی بۆکان ناناسن و ڕه نگه تووشی زیانی زۆر ببن بۆیه ئه وان گه ڕانه وه شوێنی خۆیان و ئێمه ش ڕاوەستاین تا ئیوارێ . تاریکان داهات له مه دره سه که ی چاوه رچین کۆبووینه وه هه مووبرادەرانی خۆمان له به رنامه که ئاگادارکردوو دوای دابه ش کردنی ئه رکه کان بووین به دوو به ش ،به شیک وه رێ که وت به ره و شاری بۆکان به شێکیش ماوه تا سبه ینێ له چۆنیه تی وه زعه که ئاگادار بێ و به مەعلووماتی تازەوه له شوێنی پێویست ده ست پێ بکا. بریارێکی قورس بوو و هه موومان ده مانزانی کارێکی هاسان نیه و ئه رکێکی گه وره مان خستۆته سه ر شانی خۆمان و خه ڵکی شاره که.سکووتێکی موتڵه ق به سه ر فه زای کۆبوو نه وه که ماندا حاکم بوو هه ر که س به بێده نگی دوای حالی بوون له ئه رکه که ی

دەچوە لای دە ستە کە ی خۆی و قورسووقایم ڕادەوەستا . ئیرادە و تە سمیم بە سیمای هە موانە وە دیاربوو و هە یبە تێکی بە جە معە کە دابوو.

ئە وەڵین دە ستە ی پێشمە رگە لە نێوشارلە پشت داڕووخانە ی مراد یە وە ڕاست رووبە ڕووی حەوزە گە ورە سە عاتی نۆونیوی بە یانی هاتنە سە ر شە قامی ئە سڵی شاری و بە بێ دە نگ و بە ئارامی بە رە و نێو شار وە رێ کە وتن کارمە ندە کانی بانگی صادرات هە رچاویان بە پێشمە رگە کەوت فە ورە ن دە رکی بانکیان داخست و بە دوای ئە واندا دووکانداری دیکە دە ستیان کرد بە بەستنی دە رکی دووکانە کان. هە وەڵین تە قە لە نزیک دووکانی ئاغای حە بیب زادە بە رز بۆوە . سەعات دە تە قە هە موو شاری داگرتبوو. سپای پاسداران ئە و کات لە نێوشاری دوو مقە ری هە بوو یە کیان لە شوێنێکدابوو بە نێوی مە کتە بی قورئان کە لە سە رشە قامی ئە سڵیی شار لە مە سیری رێگا ی میاندواو دا بوو. مقە ری دیکە یان لە شوێنێک بوو رووبە رووی تاڵواری حاجی ئەبووبەکراغا . تێک هە ڵچوونە کانی نێوشار کە دەستی پێکرد وردە وردە پاسدار کشا نە وە بە رە و مقە رە کانیان . سە عات یە کی پاش نیوە ڕۆ مقە ڕی پاسداران لە مە کتە بی قورئان کە وتە گەمارۆی کاملی پێشمە رگە وە، دە رگیری و تە قە لە دە ورووبە ری مقە رە کە ی دیکە ی پاسداران لە رووبە رووی تاڵوار بە توندی بە ردە وام بوو.ئە و بە شە لە پێشمە رگە کان کە لە چاوە رچین بوون دوای ئاگاداربوون لە شە ڕە کە یە کسە ر هاتنە میراوا و لە وێ بوون بە د ووبە ش، بە شێکیان بۆ پشتیوانی لە کاتی پێویست هە روە ها وە رگرتنی بریندارى ئیحتمالی لە میراوا مانە وە و ئە وانی دیکە هە موویان بە سە ر پردی میراوادا هاتنە نێو شاری و بە و دە ستە یە مولحە ق بوون کە گە مارۆی مقە رە کە ی مە کتە بی قورئانیان دابوو.شار دیمە نیکی سە یری هە بوو. دە تکوت هە مووی چاوەڕوانی رۆژێکی وانوو پێش بینیان کردوە ، بە هە ر کووچە یە ک دا تێپە ڕ دە بووی خە ڵک دەرکە یان بە ئاواڵە یی هێشتبۆوە خۆراک و چا ئامادە بوو و بە گە رمی ئە حواڵپرسییان دە کردی منداڵ بە دە رە وە نە بوو بە لام گە نجی پازدە شازدە ساڵە لە هە موو کونوو کە لێنێک هە بوون و هەر شتێکی جێگای گۆمانیان دیبا بە پە لە پێشمە رگە یان ئاگادار دە کرد لە سە رزانیاری و خە بە ر لە جمووجۆڵی دوژمن پە کت نە دە کە وت. حە شیمە تێکی زۆرلە سە ر کووچە و کۆ ڵان ولە بە ر دە رکی ماڵان ڕا وە ستا بوو.لە سە ری هە موو ئە و گوزە رانەی بە خە یابانی ئە سڵیە وە وە سڵ دەبووخە لك بە پۆل ڕاوەستابوو تە ماشای نێو خە یابانە کە و ئە شوێنانە یانە یان دە کرد دە نگی تەقەی لێوە دە هات و هە ر هە ستیان بە مە ترسی دە کرد بە رە و نێو گوزە رەکە دە کشانە وە .زۆرترین حەشیمە ت لە دە ورووبە ری هە ردووقە پانی نێو بازارپۆل پۆل لە دە وری یە ک کۆ ببوونە وە. مقەری مە کتە بی قورئان موقاوە مە تی دە کرد بە تایبە ت لە سە ر سە ربانە کە ی سە نگە ریان بە تە لیسە خیز درووست کردبوو و جێگاکە یان بلیند تر لە سە ربانە کانی دیکە بوو و رێگایان نە دە دا کە س لە سە نگە رە کانیان نزیک بێتە وە .ئێمە هە وە ڵین بریندارمان لە وێ دا ئە ویش کاک فە تاحی ئێلخانی زادە هاورێی ئازاو بە جە رگمان بوو کە لا چاوی بریندارببوو .دە روێش سمایلی قارنجە ئەورۆژە شە ڕێکی رۆستە مانە ی کرد و لە ژێر ئاوری توندی پاسدارە کاندا لە و جێگایە ی دانیشتبوو خۆی مە ڵاس دا و تاقی لە نیگابانە کانی سە ر سە ربانە کە بڕی و ڕێگای بۆ نزیک بوونە وە ی باقی پێشمە رگە کان خۆشکردوو گە مارۆ کە تە نگ تر بۆوە. سە عات چواری ئێوارێ پاسدارە کانی مقەڕی رووبە رووی تاڵوار هێرشیان کردە سە ر شە قامە کانی دە وروو بە ری خۆیانوو بە مە بەستی پێشرەوی بە رەوشار هاتنە دە رێ . تێکهە ڵچوون و گە رمە شە رێکی واقعی روویدا .لە وێ ئیدی بە تە نیا پێشمە رگە نە بوو کە پێشی پێگرتن بە ڵکوو شومارە یە ک لە خە ڵکی

شاری که چه کیان هەبوو هاتنه نێو شه ڕه که وه وئازایانه به شداریان کرد به هاتنی ئه وانه به ڕاستی وه ک قیاموو ڕاپه ڕینێکی گشتیی لێهات و ئیدی خه ڵک و پێشمه رگه ت به هاسانی بۆ لێک جیا نه ده کراوه.به شێک له وخەڵکه هیچ پێوه ندی پێشوویان له گه ڵ ئێمه نه بوو ته نیا له سه ر حسابی ورەی به رزووهه ستی وڵات پارێزی خۆیان پێ یان نا ئه و ڕووداوەوه و دوایه نزیک ده که سێکیان ڕاسته وخۆهاتنه نێو حزبی دێمۆکراته وه .قادرقازی نیا،عه وڵای فه یزی ، عه لی وه هاب له و که سانه بوون. له هه موو چین و توێژێکیان تێدابوو.بێ شک به شێکیش له و خه ڵکه ڕاپه ڕیوه دواترچوونه نێو رێکخراوه کانی دیکەشه وه. ئه و هێرشه ی پاسداره کانی مقه ڕی رووبه رووی تاڵوار زوو تێک شکێندرا و گەڕانەوه نێو سه نگه رەکانی خۆیان وبه دوای ئه وه دا زرێپۆشێک هاته نێو شه ڕه که وه که به توندی به شەقامی ئه سڵیی شار داده هات و ته قه ی دەکرد و ها تۆچۆی به ینی مه کته بی قورئان و مقه ڕی رووبه رووی تاڵواری ده کرد ئێمه له پێش دا پێمان وابوو هێز بۆ مه کته بی قورئان دێنێ به ڵام زوو بۆمان ده رکه وت نه خێر تەخلیه ی ده کا بۆیه له لایه که وه هێرش بۆ سه ر مه کته بی قورئان توندتر کرا و له لایه کی دیکه وه بۆ وەی ئه و زرێپۆشه له کار بخرێ له نزیک دووکانی رۆژنامه فرۆشیی ئاغای ئیسماعیل زاده ئار پی جیه کی پێوه ندرا که به حال سه ری کرد ونه یان ئه نگاوت ئیدی که تاریک ببوو و زانی ئار پی جی هه یه نه هاته وه. رۆژی دوایی که ڕه به یانی مقه ری مه کته بی قورئان له لایه ن پێشمه رگه ی حزبی دێمۆکراته وه ده ستی به سه ر دا گیراوهه موو شه ڕه که کەوته سه ر مقه ڕه که ی رووبه ری تاڵوار.ئیمکانی گه مارۆ دانی ئه وێ نه بوو چونکه ده که وتیه به ینی ئه وێ و پایه گای ئه ڕته ش له ناڵه شکێنه. شه ڕێکی دەسته ویه خه ی ئه وبه ره وبه ری شه قام له ئاڕادابوو.پاسداره کان له به ر ده رکه هه روه ها له گۆشه کانی ساختمانی مقه رەکه له سه ر عه رز به ته لیس سه نگه ریان درووست کردبووکالیبر په نجا یان تێدا دامه زراند بوولە سه ر سه ربانەکانیش هه ر به و شێوه یه به ڵام سه ربانه کانیان نه وی بوو.ئه ورۆژه ش هاوڕێیه کی ئازا وه کوو رۆژی پێشووی ده روێش سمایل شه ڕێکی رۆسته مانه ی کرد . نارنجه ک ئه ندازێکی پێ بوو هه وەڵین تیری که هاویشت له سه ر قونداغی کالیبر په نجای به ر ده رکه ته قیه وه و بێده نگی کرد دووهه م تیر که وته نێو سه نگه ری لای ڕاستی ساختمانه که وه و کاری خۆی کرد .فشاری پێشمه رگه ورده ورده چه کداری نێومقه ڕەکه ی هه ڵ قه ند ن و به د یوی پشته وه دا به رەو ناڵه شکێنه پاشه کشه یان کرد. پاشه کشه که یان به به رچاوی ئێمه وه و له تیر ره سمان دابوون به ڵام بریار درا ئێستا که نێو شار به جێ دێڵن لێ یان گه رێین بڕۆن و که س تیره ندازیان لێ نه کا ئێمه نگه رانی ئه وه بووین له سه ر رێگای پاشه کشه یان خه ڵک بکووژن یان له ناڵه شکێنه وه به تۆپ له شاره که بدەن بەختەوەرانه له به ر ته نگاوی خۆیان یا هه ر دەلیلێکی دیکه شتی وا رووی نه دا.سه عاتی سێ و نێوی ئێوارێ پێشمه رگه ی حزبی دێموکرات ده ستی به سه ر ئه و مقه ڕه ش داگرت. له کاتی ده ست به سه ر داگرتنی مقه ڕه که دا پایگای ناڵه شکێنه چاوی به شوێنه که وه بوو و دەستی کرد به خۆمپاره بارانی مقه ڕه که له و خۆمپاره بارانه دا ئه ندامی له مێژینه ی حزبی دیموکرات و پێشمه رگەی ئازاو نه ترس کاک موته لیب حه ریقی خه ڵکی بۆکان خومپاره یه ک له به ردمی ته قیه وه و به توندی برینداری کرد ئه وه دووهه مین برینداری ئێمه بوو له و شه ڕانه دا.له ته واوی شه ڕی سێ مانگه و گرتنه وەی بۆکان ئێمه هیچ کوژراومان نه بووبرینداریش ته نیا ئه ودوو هاوڕێیه بوو که نێوم هێنان بەلام له خه ڵکی نێو شار دوو که س کوژران که یه کیان پیاوێک بوو نازانم چۆن و له کوێ کوژرا ئەوی دیکه یان سوعدا خانم خوشکی گه ورەی کاک فه تاح ئیلخانی زاده بوو که له حه ساری ماڵی حاجی ئه بووکراغادا له پایه گای ناڵه

شکێنه وه زاهیره ن ته قه ی لی کرابوو و گیانی له ده ستدا. کاک فه تاح هه م بۆخۆی بریندار بوو هه م خۆشکی له ده ست دا و ئێمه زۆر بۆی به په رۆش بووین. ئێواریٚ به ره و تاریکان پایه گای ناڵه شکێنه چه ند خۆمپاره ی هاویشته ده ورووبه ری قه ڵای سەردار که برێک زیانی به قه ڵاکه گه یاند سه ر له ئێواریٚ بیستمان په لێک پێشمه رگه ی سازمانی چریکه فداییه کانی خه لکی ئێران له نێو شار دایه و ئه و ئه ندامه یان که ده گه ڵ ئێمه بوو چوو بۆوه بۆ لای ئه وان.ئیدی شه ڕی نێو شار ته واو بوو و هه موو شت ئارام بۆوه .بۆ سبه ینێ ئێمه له مەکتەبی قورئان ده فته رمان کردەوە. هه روه ها له به ردەرکی بیمارستانی شاریش نیگابانمان دانا چونکه کاک موته لیب له وێبوو و ده با پاراست بامان ئه وه له حالێکدا بووپایه گای ناڵه شکێنه نیگابانەکه ی ئێمه ی ده د یت هه روه ها بۆ خۆشیان له سه ر جادەی سه قز برێک سه ره وه تر له مەزاری حه سه ن زیره ک نیگابانیان دا ده نا و له ئێمه وه دیاربوو.رۆژی دوای ته واو بوونی شه ڕ دووکانووبازار کراوه و هه موو شت ئاسایی بۆوه ده تکوت شه ڕێک رووی نه داوه و هه رکه سه و خه ریکی کاری خۆی بوو.خه لکی شاروو دێهات له هه موو چینوو توێژێک سه ریان له دەفتەرەکەمان ده دا و به هه موو شێوه یار یده یان ده کرد ین خه ڵکێکی گه شوو میهره بان ، رەفتارێکی دۆستانه و دڵسۆزانه ،شارێکی ئاوه دانوو پاکوو خاوێن ، هاوڕێیانی ئێمه ش پڕکاروو هەڵسووڕ به پیر خه لکەکه وه ده چوون و ئه گه رناسیاوێکیان دیبا له باوەش گرتن و یه کتر ماچ کردن ده ستی پێکرد و به دوای ئه ودا پیکه نین و چاکووخۆشی.دوای کرانه وەی ده فته ری حزب کاک ته ها عه تیقی و کاک حوسێن به خشی که هه ردووکیان ئه ندامی هه ڵسووڕی حزبی دێموکرات بوون له مهاباده وه هاتنه بۆکان بۆ وه ی له ڕاپه ڕاندنی کاره کاندا یاریده مان بده نوو چه ند رۆژێک مانه وه.

له کاتی گرتنه وەی بۆکان دا شووڕای شار نه مابوو به لکوو ئیداراتی رەسمیی ده وڵه تیی دامەزرابوو وئه رکی خۆیان به ڕێوه ده برد وه کوو دادگا ، شاره بانی ، شارداری و...ئێمه ده ستمان له کاری ئەوان وه ر نه دا ولێگه ڕاین کاری خۆیان بکه نوو ئه گه رویستبایان ، بۆ به رێوه چوونی کاره کانیان هاسان کاریمان بۆ ده کردن. زۆری پێ نه چووخومه ینی بریاری خاتمه ی شه ڕی دا وپێکدادانی پێشمه رگه و پاسدار کۆتایی هات. هه یئه تی ناردراوی ده وڵه ت به ئاشکرا هاتە مهابادوو چاوپێکەوتنه کانیان ده گه ڵ نوێنه رانی خه ڵکی کورد ره سمیه تی په یدا کرد و ژیانی ئاسایی له کوردستان ده ستی پێکرده وه. پاش چه ند مانگێک ، هه ڵبژارد نی هه وه ڵین مه جلسی شووڕای ئیسلامی هاته ئاراوه وهه موو ئه حزابی سیاسیی چالاک له کوردستان بریاریاندا له و هه ڵبژاردنانه دا به شداری بکه نوو ره قابه تێکی سیاسی و ته بلیغاتی به ربڵاو هه موو کوردستانی گرته وه. ئه و رەقابه ته له شاری بۆکان ئه رکێکی قورسی خسته سه رشانی ئێمه چونکه هه موو رێکخراوه کانی بەشدار له هه ڵبژاردن دا له شاری بۆکان شا مۆره کانی خۆیان کاندید کردبوو. که سانێکی ناسراوو باسابقه یان هێنا بوه مه یدان که پێویستی یان به ناساندن نه بوو.حزبی تووده مامۆستا حه سه نی قزڵجی ئه دیبوو تێکۆشه ری ناسراوی کوردی کردبوه نوێنه ری خۆی ، سازمانی چریکه فداییه کانی خه ڵکی ئێران کاک ئه نوه رسولتانی سیمای فه رهه نگیی و تێکۆشه ری خاوه ن پێشینه ی سیاسی وه ک تەکخاڵ له عه رزی دابوو کۆمه له ش به کاند ید کردنی دوکتور جه عفه ر شه فیعی کورسیی نوێنەرایه تیی به ئی خۆی ده زانی وئێمه ش راست له و وه خته دا له سه رئه وه ی کێ کاند ید که ین له نێو خۆمان دا تووشی ناکۆکی ببووین .رێبه رایه تی حزب دوکتور ره حیمی سه یفی قازی پێشنیار کردبوو و کاک سه لیم له کۆبوونه وەی کومیته ی ناوه ندی دا ره دی کرد بۆوه و کوتبووی حزبی تووده له هیچ شارێکی دیکه ی کوردستان دوو کاند یدی نه ناساندوه بۆ له بۆکان دوانی هه بێ

هەروەها کوتبووی نوێنە ری بۆکان دە بێ خە ڵکی ناوچە ی بۆکان بێ بە دوای ئە وە دا رێبە رایە تی حزب کاک سە ید سەلامی عە زیزیی پێشنیار کرد کومیتە ی حزب لە بۆکان یە ک دە نگ ئە وە ی رەد کردە وە . کوتمان هیج رێکخراوێک لە کوردستان ئە ندامی غە یرە تە شکیلاتیی کاند ید نە کردوە بە لکوو هە وڵیان داوە لە بالاترین ڕە دەی تە شکیلات هە لبژێرن و ئە وە مان بۆ ئە وسە ردە م پێ دروست بوو کاک سە ید سە لام ئە وکات قازیی دادگای بۆکان بوو هیچ پێوە ندێکی تە شکیلاتیی دەگەڵ رێکخراوی حزب لە بۆکان نە بوو ئێمە زۆرمان رێز بۆ دادە نا وبۆ بە رێوە چوونی کارە کانی پشتمان دە گرت و پێوە ند یە کانی دە گە ل ئێمە لە وئاستە دابوو. ئە وجار رێبە رایە تی حزب کاک ئەبووبە کری هدایە تی (کامڕان) پێشنیار کرد ناوبراو بە رپرسی رێکخراوی حزب لە کرماشان بوو هەروە ها لە کونگرەی چوارە می حزب ببوو بە ئە ندامی کومیتە ی ناوە ندی و خە لکی ناوچە ی بۆکان بوو قوبووڵمان کرد و هاتینە مە یدانی رە قابە تە وە .

وە زاڕە تی کشوە ر دەستوورەلعە مە لی چۆنیە تی هە ڵبژاردنە کانی نارد بوە بە خشداری بۆکان و ئەگە ر بە گوێرە ی ئە و ئامۆژگاریانە بە ڕێوە نە چووبا و سوڕە ت جە لە سە کانی لە لایە ن بە رپرسوئە ندامانی هە یئە تی نە زارە تە وە ئیمزا نە کرابا هە ڵبژاردنە کە یان هە لدە وە شاندەوە. هەریە ک لە رێکخراوە کانی بە شدار لە هە ڵبژاردندا نوێنە رێکیان بۆ هە یئە تی نە زاڕەت نارد بوو ئە وهە یئە تە پێنج کە س بوو کە بریتی بوو لە نوێنە ری بە خشداری کە وەبیرم نایا کێ بوو نوێنە ری حزبی توودە ئینسانێکی شە ریف بوو لە بنە مالە یە کی خۆش نێو وسیاسیی بۆکان وبۆ خۆشی شوغڵی خە یاتی هە بوو نوێنە ری کۆمە ڵە کاک سە ید حە سە نی شە مسی بوو نوێنە ری سازمانی چریکە فداییە کانی خە ڵکی ئێران لە بیرم نە ماوە کێ بوو لە لایە ن حزبی دێموکراتیشە وە ئە من بە شداریم کردبوو ئە رکی ئە و هە یئە تە ئە وە بووشوێنی سندووقە کان لە شاروو لە دێ وتەعدادی سندووقەکان، دیاری کردنی ئە و کە سانە ی لە سە رسندووقە کان دە بن ، ئە منیە تی هە ڵبژاردن ، دیاری کرد نی ئە وکە سانە ی ژمارد نی دە نگە کانیان لە ئە ستۆیە وئیمزای سوورەت جە لە سە کان و زۆر شتی دیکە ی لە و بابە تە ئە نجام بدا.هە روە ها بە گوێرە ی ئامۆژگاریە کان ئە ندامانی هەیئەتی نە زاڕە ت دە با بە رپرسێک بۆ هە یتە کە هە ڵبژێرن و بی ناسێنن .لە دە نگ دانە کە دا ئەمن زۆربە ی دە نگە کانم هێناوە و وە ک بە رپرسی هە یئە تی نە زارە ت د یاری کرام و دە ستمان بە کار کرد رێکخراوی حزبی دێموکرات دە گە ڵ ئە وەی ئە رکی کار کردن بۆ سە رکە وتنی کاک کامران هدایە تی لە ئە ستۆ بوو ئە رکی رێنوێنی و راوێژ وپاریدە دانی منیشی بۆ مود یریە ت کردنی هە رچی باشتری هە ڵبژاردنە کان وە ئە ستۆ گرت هاو کات دە گە ڵ ئە وە هە موو تواناییە کانی پێشمە رگە ی حزبی لە بۆکان بۆ تە ئمینی ئە منیە تی هە ڵبژاردنە کان و سند ووقە کان تە رخان کرد. بە ختە وە رانە هە موو شت لە دارشتنی بە رنامە ی کارە وە تا کۆتایی هە لبژاردن بە باشترین شێوە ی مومکین بە ڕێوە چوو.هیچ کێشە و ناڕە زایە تیە ک رووی نە دا و خە ڵکێکی زۆر بە ژنوو پیاوەوە بە روویە کی گە شوو بە دڵخوازی خۆیان هاتنە سە رسندووقە کان و بە دڵی خۆیان لە ئە منیە تی کامل دا دە نگیان بە کاندیدی پە سندکراوی خۆیان دا و بە رە زایە تی خاتر شوێنی دەنگدانە کە یان بەجێهێشت .ئە من بە گوێرە ی ئە رکی پێ ئە سپێردراو ئە ورۆژە لە نێو شارداسە ری چە ند سندووقێکم دا ، دە نگدە رەکان بە ژنوو پیاوەوە لە هە موو چینوو توێژێک و هە ریە کە ی لایە نگری کاند یدێکی جیاواز وسە ر بە حزبێکی جیاواز بە شێوە یە کی شارستانیانە و بە رووخۆشی لە یە ک سە فدا راوە ستابوون نوێنە ری پە سندکراوی خۆیان دیاری بکە ن و پاشە کشە بە رەقیب بکە ن بە بێ ئە وەی یە ک نە فە ر قسە یە کی تاڵ بە ئە وی دیکە بڵێ . فە رهە نگێکی پێشکە وتووی ئینسانی

و هه ست به به ر پرسایه تێکی به رزی کۆمەڵایه تی به خه لکه که وه دیار بوو راست وه ک ئه و هەڵبژارد نانه ی که سالهایه له ئوروﻭپا ده بیندرێ .ئا کامی هه ڵبژارد ن به سه رکه وتنی بێ ئه ولاوئه ولای نوێنه ری حزبی دێموکرات کاک کامران هدایه تی ته واو بوو هه یئه تی نه زاڕه ت له به خشداری بۆکان هه موو سوره ت جه له سه کانمان ته نزیم کرد وئیمزامان کرد بەڵام نوێنه ری کۆمه ڵه له ئیمزاکردنی سووڕەت جه له سه کان خۆی پاراست وبه بێ ئیمزای ئه وان بۆ وه زاڕه تی کشوه ربه ڕێ کرا.

(کاک سه لیم بابانزاده له پێوه ند ده گه ڵ هه ڵبژاردنه کان دا ده ڵێ: به ربه ره کانی کوردستان له شەڕی سێ مانگه داوله ئاکام دا مه جبوور کردنی حکوومه ت به دانیشتنی رووبه روو ده گه ل نوێنەرانی گه لی کورد بۆ پێڕاگه یشتن به داخوازه کانیان سه رکه وتنێکی گه وره ی سیاسی بووکه دەبوو به هه نگاوی دیکه به هێز تر بکرێ . هه ڵبژاردنه کانی ئه وه ڵین مه جلسی کۆماری ئیسلامی که هاته ئاڕاوه زەمینه ی ئاماده کرد که وه ک خه باتێکی سیاسی به رچاو ده سنت بگاته تریبۆنی مەجلس و له وێرا ده نگی خۆت به رزتر که یه وه و هه نگاوێکی دیکه به قازانجی ئازادی و دێموکراسی هه ڵێنیه وه بۆیه زۆر مان بۆ موهیم بوو که چۆن هه ڵبژاردنه کان به رێوه بچێ و کێ بچێته مەجلس له به ر ئه وه بریارماندا له پرنسیبه کانی هه ڵبژاردنێکی ئازاد به هه موو توانامانه وه پشتیوانی بکه ین و هه وڵ بده ین حمایه ت له فه زایه کی سالم و مو ناسباتێکی پێشکه وتوو له تەواوی پرۆسه ی هه ڵبژاردن دابکه ین.له کاتی ته بلیغاتی هه ڵبژاردن دا مامۆستا حه سه نی قزڵجی په یامی بۆ نارد بووم که هێند ێک قسه ی ناحیسابی له هێندێک لایه نه وه بیستوه و هه ڕه شه ی لێکراوه و هەست به جۆرێک نگه رانی ده کا . چووم له ماڵی خۆی چاوم پێێ که وت و دیدارێکی گه رموو گوڕم له گه ڵ کرد و پێم کوت ئێمه بۆ ده نگ هێنانه وه ت پشتیوانیت لێ ناکه ین به لام بۆ وەی بتوانی وه ک کاندیداکانی دیکه له مافی راسته قینه ی خۆت به هره مه ند بی ئه منیه تت وه ستۆ ده گرین و رێزوو حورمه تی تایبه تیمان بۆت هه یه . کاتێک له مزگه وت به رنامه ی قسه کردنی هه بووپێش تر پێشمه رگه مان ناردوو له جێگای پێویست و له نێو مزگه وته که ش دا دامان نان بۆخۆشم چووم له تەنیشتی دانیشتم و تا ئاخری کۆبوونه وه که به جێم نه هێشت وتا کۆبوونه وه که ش ته واو نه بوو پێشمه رگه مان لا نه برد. سه رکه وتنی کاندیدی حزبی دێموکرات له بۆکان له و هه ڵبژارد نانه دا دەگه ڵ تێکۆشانی بێ وچانی کومیته ی حزب ، ئه ندامان و پێشمه رگه کان و دۆستان و لایه نگرانی حزب له ناوچه ی بۆکاندا بێ پێوه ند نه بوو.له هه ڵسه نگاندنی زه مینه کانی ئه و سه رکه وتنه دا پێمان وابوو ئه وه نمره یه که کۆمه ڵانی خه ڵک به و رێبازه یان داوه و ره زایه ت نامه یه که وه که خەڵات به کاروو تێکۆشانی سه رجه م ئه ندامانی حزبووکومیته ی حزب له بۆکان دراوه .

ماوه یه کی کورت دوای هه ڵبژارد نه کان ئه رکی حزبیم له شوێنی دیکه بۆ دیاری کرا و بۆکانم به جێ هێشت بەڵام دوای چه ند مانگ حزبی دێموکرات فێرگه یه کی له باغی ئینگیجه ی سه رده راباد کرده وه که له وێدا شوماره یه ک پێشمه رگه ی هه ڵبژارده کۆ کرابوونه وه و بۆ ماوه ی مانگ و نیوێک ئامووزش دران ئه من به رپرسایه تی حزبیی ئه وفیرگه یه م پێ ئه سپێردرا و ئا خرین ئه رکی حزبی من له ناوچه ی بۆکان بوو.به رپرسی ئامووزشی نزامی ئه و فێرگه یه سه رهه نگ سمکۆ عەلیاربووهه روه ها سه روان ره حمان ره حیمی یاریده ده ری بوو.دوکتور قاسملوو هه روه ها ئەندامانی دەفته ری سیاسی و کومیته ی ناوه ندیی حزبی دیموکرات بۆ ده رس کوتن و سمیناروو کۆبوونه وه ده هاتنه ئه و فێرگه یه وله رۆژی خاتیمه ی ده وره که دا بێجگه له وان مامۆستا شێخ عێزه دینیش بانگ کرابوو.جه عفه راغای سه رده راباد وه کوو یارمه تی چه ند سه ری ماڵات بۆ

نارد ین که کوشتمانه وه و میوانمان پێ به رێ کرد .ئه وپێشمه رگانه ی له و فێرگه یه دا ده وره یان دی زۆربه یان فه رمانده یی پێشمه رگه ی حزبیان له قوناغه کانی دیکه ی شه ڕی کوردستان وه ستۆ گرت و له پێناوی ئه رکی نیشتمانی دا گیانیان به خت کرد.
ئه وه ئه وه‌ڵین فێرگه ی ئامووزشیی پێشمه رگه بوو که حزبی دێموکرات داینا بوو. ناوچه ی بۆکانی بۆ جێگای ئه و ئاموزشه هه ڵبژاردبوو. باش ترین پسپۆروو لێزانی بۆ ته یار کردنی پێشمه رگه به زانستی پێویست له و فێرگه یه کۆ کردبۆوه و له نه وعی خۆی دا بێ نه زیر بوو.به داخه وه سازمانی چریکه فداییه کانی خه ڵکی ئێران که له ده ورووبه ری ئه و فێرگه یه چه ند ین مقه ریان هه بوو هه‌م له نێو شاروو هه م له دێهاتی ده ورووبه ری فێرگه که هه رچی له ده‌ستیان هات بۆ دژایه تی ئه وفێرگه یه دریغیان نه کرد و کاریان گه یانده ئه وجێگایه له ئاوایی حۆسێناباد تووشی کێشه یه کی نه‌خوازراو بووین و تا یه ک قه ده میی تێک هه ڵچوونێکی چه کدارانه چووینه پێشێ.)